Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئابووریی و دەرامەتە ئابوورییەکان وەك ڕەگەزێکی شارستانی لە فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلامدا(دروودی خوای لێ بێ)، (صحيح البخاري)و(صحيح مسلم) وەك نموونە

م.ی.علی عبدلرحمن خدر
بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە
aliabdalrahmankhdir@uor.edu.krd

پ.ی.م. مەهدی عوسمان حسین
بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە
aliabdalrahmankhdir@uor.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، بایەخ و گرنگی و و پێگەی ئابووریی و پێویستی مرۆڤایەتیی و ململانێی وڵاتان و نەتەوە و گەورە هێزانی دنیا لە بواری ئابوورییدا بەهەندگرتووە لە گۆشەنیگایەکی ئایینییەوە، بە ناوی:» ئابووریی و دەرامەتە ئابوورییەکان وەک رەگەزێکی شارستانیی لە فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلامدا(د.خ)، (صحيح البخاري)و(صحيح مسلم) «، توێژینەوەکە لە سۆنگەی چەمکی ئابووریی و دەرامەتەکانیەوە چووەتە سەر سەرچاوە ئیسلامییە مێژیینەکانی وەک ژیانی بوخاریی و موسلیم و بەرهەمەکانیان کە تێیدا؛ چەمکی ئابووری دەرامەتەکانی لە ڕووانگەی زمانەوانی و زاراوەوە ڕوونکراوەتەوە و، دواتر باس لە پوختەیەکی ژیانی بوخاری و موسلیم و بەرهەمەکانیان کراوە. لە باسی کشتوکاڵدا بوارە پەیوەندیدارەکان بە کشتوکالەوە ڕوونکراونەوە وەک: زەوی کشتوکاڵی و ڕەنێوهێنانی زەوی و ئاوو ئاودێری و ئاژەڵداری و سامانی ئاژەڵی و پاراستنی بەرهەمی ئاژەڵی، پاشان بواری پیشەسازی وەک یەکێک لە دەرامەتە ئابوورییەکان خراوەتە ڕوو و تێیدا گرنگی پیشەسازی و جۆری پیشەگەریەکان باسی لێوەکراوە، لە کۆتاییدا شیکردنەوە بۆ بازرگانی و پێگە ئابوورییەکەی و بازاڕە گرنگەکان و بازگانی ناوخۆو دەرەوەو بازرگانی دەریایی کراوە. دیارە هەموو ئەو بابەتانەش لە چوارچێوەی هەردوو سەرچاوەی دیارییکراو بۆ بواری توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە.

**کلییلە وشەکان: (صحيح البخاري)، (صحيح مسلم)، بازرگانیی ناوخۆ، بازرگانیی دەرەوە، بازرگانیی دەریایی**

Recieved: 1/8/2024
Accepted: 10/9/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

گومانـی تێـدا نییـە مـرۆڤ هـەر لـە بـەرە بەیانـی مێـژووەوە، هەسـتی بەوەکـردووە کـە بـە بـێ پشتبەسـتن بـە ژینگـەی دەوروبـەری ناتوانـێ پێداویسـتییەکانی ژیانـی خـۆی دابیـن بـکات و بەردەوامـی بـە زیندەگـی و ژیانـی بـدات، وە ئـەوەی لـە لا ڕوون بـووە کـە ناتوانـێ بـە بـێ خـواردن و خواردنـەوە بـژی، ئەمـەو دابینکردنـی ئـەو خـواردن و خواردنەوەیـەش پێویسـتی بـە هـەوڵ و وزە بـە خەرجـدان هەیـە بـۆ دەستخسـتنی، کـە ئەمـەش خـۆی لـە چوارچێـوەی جوڵـەو چالاکـی ئابوورییـدا دەبینێتـەوە، بـەڵام لـە شـێوە سـەرەتایی و سـادەکەیدا، پاشـان جگـە لـە پێویسـتی بـە خـواردن و خواردنـەوە هـەر لـە سـەرەتاکانی مێـژووەوە ، بـە هـۆی ڕووداوو دیـاردە سرووشـتییەکانی دەورو بـەری مـرۆڤ هەسـتی بـە مەترسـی بـۆ سـەر ژیانـی کـردووە، بۆیـە پەنـای بـۆ پەناگـە سرووشـتییەکان بـردووە بـۆ خۆپاراسـتنی لـەو ڕووداو و کارەسـاتانە.

هۆکاری هەلبژاردنی بابەت:

هـۆکاری هەڵبژاردنـی ناونیشـانێکی لـەم شـێوەیە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە لـە ڕاسـتییدا نوسـینی لـەم شـێوەیە، زۆر دەگمەنـەو توێژینەوەیـەک شارسـتانی بێـت و گۆڕەپانەکەشـی کتێبەکانـی فەرمـوودەی پێغەمبـەر(د.خ) بێـت زۆر کـەم ئەنجامـدراوە بـە تایبەتـی بـە زمانـی کـوردی، بۆیـە ئـەوە پاڵنەرێکـی سـەرەکی بـوو لـە هەڵبژاردنـی بابەتەکـە.

ئامانجی توێژینەوە:

ئامانـج لـە ئەنجامدانـی توێژینەوەیەکـی لـەم جـۆرە، ئەوەیـە کـە هەوڵێـک بێـت بـۆ شـیکار و لێکۆڵینـەوەی وردو زانسـتی و بابەتییانـە لەسـەرچەمک و ڕەگـەزی ئابووریـی لـە فەرمووەدەکانـی پێغەمبـەر(د.خ)دا، کـە لـە نێـو سـەرچاوەکانی فەرمووەدەشـدا ( صحيـح البخـاري) و ( صحيـح مسـلم) وەک دوو سـەرچاوەی سـەرەکی فەرمـوودە بـە ئامانـج گیـراون. لـەم سـۆنگەوە سـەرچاوەگەلێکی لـەم شـێوەیە هـەر لـە چوارچێـوەی لێکۆڵینـەوە شـەرع (الفِقْه)یەکانـدا نـە مێنـەوەو لێکۆڵینـەوەی شارستانیشـییان لەسـەر ئەنجـام بـدرێ.

گرنگی توێژینەوە:

گرنگـی ئـەو بابەتـە لـە ڕوانگـەی بایـەخ و پێگـەی بـواری ئابوورییـە لـە ڕووی ڕەهەنـدی مێژووییـەوە، چونکـە گومانـی تێـدا نییـە مـرۆڤ هـەر لـە بـەرە بەیانـی مێـژووەوە، هەسـتی بـەوە کـردووە کـە بـە بـێ پشتبەسـتن بـە ژینگـەی دەوروبـەری ناتوانـێ پێداویسـتییەکانی ژیانـی خـۆی دابیـن بـکات و بەردەوامـی بـە زیندەگـی و ژیانـی بـدات، وە ئـەوەی لـە لا ڕوون بووە کـە ناتوانـێ بـە بـێ خـواردن و خواردنـەوە بـژی، ئەمـەو دابینکردنـی ئـەو خـواردن و خواردنەوەیـەش پێویسـتی بـە هـەوڵ و وزە بـە خەرجـدان هەیـە بـۆ دەستخسـتنی، کـە ئەمـەش خـۆی لـە چوارچێـوەی جوڵـەو چالاکـی ئابوورییـدا دەبینێتـەوە، بـەڵام لـە شـێوە سـەرەتایی و سـادەکەیدا، پاشـان جگـە لـە پێویسـتی بـە خـواردن و خواردنـەوە هـەر لـە سـەرەتاکانی مێـژووەوە ، بـە هـۆی ڕووداوو دیـاردە سرووشـتییەکانی دەورو بـەری مـرۆڤ هەسـتی بـە مەترسـی بـۆ سـەر ژیانـی کـردووە، بۆیـە پەنـای بـۆ پەناگـە سرووشـتییەکان بـردووە بـۆ خۆپاراسـتنی لـەو ڕووداو و کارەسـاتانە.

دواتـر بـە هـۆی هـەوڵ و چالاکییەکانـی مـرۆڤ لـە قۆناغـە مێژوویـە یـەک لـە دوایەکـەکان توانـی نیشـتەجێ ببێـت و کشـتوکاڵ بـکات و خانـو و لانـەی مانـەوەی خـۆی دروسـت بـکات و ڕۆژبـەڕۆژ پـەرە بـە چالاکییـە ئابوورییەکانـی بـدات و گۆڕانـکاری لـە شـێوەو چەندێتـی و چۆنییەتـی بەرهەمـە ئابوورییەکانـدا بهێنێتـە دی و گەشـە بـە بـوارە جیاجاکانـی ئابـووری وەک کشـتوکاڵ و پیشـەگەری و ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی و .....هتـد بـدات، ئەمـەو گۆڕانـکاری لـە شـێوەی ژیـان بـکات بـە تەواوی لایەنەکانییـەوە هـەر لـە جۆرەکانـی خـواردن و دۆزینـەوەی ئامێـری پێشـکەوتووتر بـۆ زیادکردنـی بەرهـەم و بیرکردنـەوەی لـە

گۆڕینـی تـەواوی پێداویسـتی و کەلوپەلـە جۆراوجۆرەکانـی و تەنانـەت ڕێـگاو بەنەکانـی و خانوبـەرەو تـەواوی لایەنەکانـی ژیانـی، بەمـەش پێشـکەوتنی شارسـتانی هاتـە ئـاراوەو ئابـووری و سیسـتەمی ئابووریـش وەک ڕەگەزێکـی کارا ڕۆڵـی سـەرەکی بینـی لـە گەشـە شارسـتانیی و ژیارییەکانـدا.

**پرسی توێژینەوە:**

پرسـی توێژینـەوە خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە، کـە ئایـا فەرموودەکانـی پێغەمبـەر(د.خ) بـە تایبەتی هەردوو سـەرچاوەی فەرمـوودە کـە (( صحیـح البخـاري) و ( صحیـح مسـلم)ن و دووەم و سـێیەم سـەرچاوەی پشتپێبەسـتراوی موسـوڵمانانن، هـەر وەکـو دوو سـەرچاوەی شـەرع (الفِقْـه) دەتوانـرێ سـوودبەخش بـن؟ یـان لـە دوو توێـی ئـەو دوو سـەرچاوەیەدا بابەتگەلێکـی دیکـەش هـەن کـە تاکـو ئێسـتا لایـان بـە لادا نەکراوەتـەوە و پێویسـتە گرنگیـان پـێ بدرێـت، کـە یەکێکیـان ئـەو بابەتـە ئابوورییەیـە لـەم توێژینەوەیـەدا بـە ئامانـج گیـراوە.

میتـۆدی توێژینەوەکـەش، هەرچەنـدە هیـچ توێژینەوەیـەک خاڵـی نیـە لـە میتۆدەکانـی تـر کـە هەنـدێ جـار بـە پێـی پێویسـت پشـت بـە چەنـد جۆرێکیـان دەبەسـترێ. بـەڵام سرووشـتی هـەر توێژینەوەیـەک جۆرێـک لـە میتـۆد دەخـوازێ، لـەم سـۆنگەیەوە لـەم توێژینەوەیـەدا زیاتـر پشـت بـە میتـۆدی شـیکاری بەسـتراوە.

توێژینەوەکەمـان لـە دوو تـەوەرەی سـەرەکی و چەنـد خاڵێـک پێکهاتـووە، تـەوەرەی یەکـەم: چەمکـی ئابووریـی و دەرامەتەکانـی و پوختەیـەک لـە سـەربووردەی ژیانـی بوخاریـی و موسـلیم و بەرهەمەکانیـان لـە خـۆ گرتـووە، کـە لـە چەنـد خاڵێکـدا خـۆی نوانـدووە، خاڵـی یەکـەم: ئابـووری و دەرامەتەکانـی چەمـک ناسـاندن، خاڵـی دووەم: پوختەیـەک لـە سـەربووردەی ژیانـی بوخاریـی و بەرهەمەکانـی، خاڵـی سـێیەم: سـەربووردەی ژیانـی موسـلیم و بەرهەمەکانـی، ئەمـەو تـەوەرەی دووەم لەخۆگـری ڕەگـەزی ئابـووری و دەرامەتەکانـی لـە (صحیـح البخـاري) و (صحیـح مسـلم)دایە، کـە ئەویـش دابـەش بـووە بـۆ سـەر چەنـد خاڵێـک، خاڵـی یەکـەم: ئابـووری وەک ڕەگەزێکـی شارسـتانی، خاڵـی دووەم: کارو دەسـتی کار و کشـتوکاڵ لـە (صحیـح البخـاري) و ( صحیـح مسـلم)دا، خاڵـی سـێیەم: پێشەسـازی و بازرگانـی لـە (صحیـح البخـاري) و ( صحیـح مسـلم)دا.

دیـارە ڕوون و ئاشـکرایە کـە سـەرەکیترین سـەرچاوەی ئـەم تووێژینەوەیـە یەکەمیـان ( البخـاري، محمـد بـن اسـماعیل بـن إبراهیـم الجعفي(٢٥٦هــ/٨٦٩م)، ٢٠١٦م، جامـع المسـند الصحیـح المختـصر( صحیـح البخـاري)، دووەمیشـیان: (مسـلم بـن الحجـاج القشـیري النیسـابوري (٢٦١هــ/٨٧٤م)، ١٩٩١م، صحیـح مسـلم)، جگـە لـەم دوو سـەرچاوەیە چەندیـن سـەرچاوەی جۆراوجـۆری تـر لـە سـەرچاوەی سـەرەکی و ژێـدەر و گۆڤـار و توێژینـەوەی زانسـتی بـەکار هاتـووە.

**تەوەرەی یەکەم**

**چەمکی ئابووریی و دەرامەتەکانی و پوختەیەک لە سەربووردەی ژیانی بوخاریی و موسلیم و بەرهەمەکانیان**

**یەکەم: ئابووری و دەرامەتەکانی چەمک ناساندن**

**١- لەڕووی زمانەوانییەوە:**

لـەڕووی زمانەوانییـەوە لەزمانـی ئینگلیزییـدا لەبەرامبـەر چەمکـی ئابـووری چەمکـی (Economics) بەکارهێـنراوە، کــە لــە بنچینــە لاتینییەکەیــدا بەواتــای کارگێــڕی یــان بەڕێوەبردنــی مــاڵ هاتــووە (اللحیانــی، ١٤٢٨، ص٣)، لەزمانــی

عەرەبیشـدا چەمکـی (الاقتصـاد) بەکارهاتـووە، چەمکـی (الاقتصاد)یـش بنچینەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ وشـەی (قصـد) کـە بەواتـای ڕاسـتی ڕێـگا هاتـووە، ئەمـەو وشـەی (قصد)یـش لـەو بـارەوە هاتـووە، کـە لـە زیندەگییـدا واتـە: نـە زێدەڕۆیـی بکـرێ و نەدەسـتگرتنەوەش، بەڵکـو لـە ژیانـدا هاوسـەنگ و مامناوەنـدی بکـرێ (الفراهیـدی، ج٥، ص٤٤-٤٥)، هەمـان وشـەی (قصـد) بـە واتاکانـی هاتنـی شـتێك وشـکاندنیش هاتـووە (الجوهـری، ٢٠٠٥م، ص٦٨٣)لـە قورئانیشـدا هاتـووە کـە : (وَعَـلَى اللّـهِ قَصْـدُ السَّـبِيلِ...) النحـل-٩ واتـە لەسـەر خوایـە ڕوونکردنـەوەی ڕێگـەی ڕاسـت و بانگـەوازی بـۆ کردنـی بـە بەڵگـەو بیانـووی ڕۆشـن، هەروەهـا کـە دەگوترێ (طریـق قاصد)واتـە: ئاسـان و ڕاسـت، لەهەمانکاتـدا چەمکـی (القصـد) هـەردوو واتاکانـی دادپـەروەری و مامناوەندێتـی لەخۆگرتـووە، (ابـن منظـور، ج٣، ص٣٥٣) ئەمـەو بـۆ واتـای چەمکـی (ئابـووری) لەزمانـی کوردییـدا لـە فەرهەنگـە کوردییـەکان چەنـد وشـەیەك بەکارهێنراوە، لەوانـە وشـەی (ئابـور) هاتـووە کـە بـە واتاکانـی: ڕێـز، شـەرم، ئابـڕو، سـازدان، پێکهێنـان) هاتـووە، (ئابووری)یـش بـە واتـای مایـەی خۆشـگوزەرانی و بژێـوی هاتـووەو واتـای پاشەکەوتیشـی لەخۆگرتـووە (هـەژار، ١٣٨٤هــ، ل١؛ خـاڵ، ٢٠١٧ز، ل١).

لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح البخـاری) و (صحیـح مسلم)یشـدا چەمکـی (القصد)هاتـووە، لـە (صحیـح البخـاری) یـدا ناونیشـانێکی تایبـەت بەنـاوی (بـاب القصـد و المداومـة) هاتـووە، کـە مەبەسـت پێـی گرتنەبـەری ڕێگـەی ڕاسـت و مامناوەنـدە، لـەم ڕوانگـەوە فەرموودەیەکـی هێنـاوە کـە تێیـدا ئامـاژە دراوە ((القصـد القصـد تبلغـوا) کـە مەبەسـتی لـەو ناونیشـانە ئەوەیـە ڕێگـەی ماناوەنـدو هاوسـەنگ بگرنەبـەر نـەك زێدەڕۆیـی و بەزایـەدان، ئـەوا دەگـەن بـە ئامانـج، لـە (صحیـح مسلم)یشـدا دەربـارەی چۆنیەتـی نوێـژی پێغەمبـەر (د.خ) فەرموودەیەکـی هێنـاوە کـە تێیـدا هاتـووە : (فکانـت صلاتـە قصـدا، وخطبتـە قصـدا) واتـە: (نوێـژ و وتارەکـەی مامناوەنـد بـوون)، کـە مەبەسـت لـە فەرموودەکـە ئەوەیـە نوێـژ و وتـاری پێغەمبـەر (د.خ) نـە درێژبـوون نـە کـورت بەڵکـو مامناوەندبـوون (البخـاری، ٢٠١٦م، ج٤، ص٢٨٥٨-٢٨٥٩؛ مسـلم ١٩٩١م، ج٢، ص٢٥٩١) بەپێـی ئـەو چەمـك و دەقانـەی خسـتمانەڕوو واتـای (الاقتصـاد) زیاتـر ڕاسـتەڕێی و دادپـەروەری و مامناوەندێتـی دەگرێتـەوە، کـە حاڵەتـی هاوسـەنگییە لەنێـوان زێدەڕۆیـی و بەزایەدانـدا، ئەمـەش دەرخـەری ئـەو واتایەیـە کـە چەمکـی ئابـووری (الاقتصـاد) ئامانجـی هەرەگـەورە لێـی هاوسـەنگی و ماماناوەندبوونـە (القرداغـی، ٢٠١٣م، ج١، ص٢٠- ٢١).

### ٢- لەڕووی زاراوەوە:

لەڕوانگـەی زاراوەوە بـۆ چەمکـی ئابـووری چەنـد دەسـتەواژەیەکی جۆراوجـۆر بەکارهاتـوە لـە ناویانـدا: زانسـتی ئابـووری، سیسـتەمی ئابـووری، درامەتـی ئابووری)یـە، سـەبارەت بـە پێناسـەی زانسـتی ئابـووری چەندیـن پێناسـەی جۆراوجـۆری بـۆ کـراوە، ئەمـەش لـەم سۆنگەوەیە کـە پێناسـەکە هەمەجـۆر دەبـێ بـە پێی هەمەجـۆری ئاڕاسـتە زانسـتییەکان و لایەنگیریـە ئایدیۆلۆجییـەکان و پەیـڕەوی مەزهەبـی لـە بیرمەنـدە ئابوورییەکانـدا، ئەمـە سـەرەڕای جیـاوازی سیسـتەمە ئابوورییـەکان و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و گەشـەی ڕۆشـنبیری و زانسـتی و تەکنۆلۆجـی لـە هـەر قۆناغێـک لـە قۆناغـە مێژووییەکانـدا، (قلـش، ٢٠٢١م، ص١٣)، بـەڵام بـە سـەرنجدان لـە کـۆی پێناسـەکان دەتوانـرێ زانسـتی ئابـووری بـەوە پێناسـە بکـرێ کـە بریتییـە:» لـەو زانسـتەی لـە چالاکییـە ئابوورییەکانـی مـرۆڤ و پەیوەندییـە جۆراوجۆرەکانـی و ئـەو دیاردانـەی لێـی وەبەرهـەم دێـن دەکۆڵێتـەوە، جـا ئـەو چالاکییـە چ لـە نێوانـی مـرۆڤ و سروشـتدا بێـت یـان لـە نێـوان مـرۆڤ و مرۆڤـدا ، سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتیشـە کـە هەمـوو ئـەو زانسـت و بۆچـوون و پیـرەوو یاسـاو بیردۆزانـەی لـە دوو تویێـی خۆیـدا کۆکردوونەتـەوە، کـە لێیانـەوە بەرهەمهێنانـی کاڵا و خزمەتگوزارییـە ئابوورییـەکان و دابەشـکردنیان و دەستاودەسـتپێکردنیان

و بەکاربردنیـان سـەرچاوە دەگـرن، ئەمـەش لـە دەرەنجامـی ئـەو هەوڵانـەی دەدرێـن لـە پێنـاوی تێرکردنـی ئـارەزوو و خواسـتەکانی مرۆڤـدا. بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی پێناسـە جیـاوازەکان بڕوانـە:( ساموێلسـون و آخـرون، ٢٠٠٦م، ص٣٠؛ عـون، ٢٠١٥م، ص٢-٣، قلـش، ٢٠٢١م، ص١٣-١٦)،

دیارتریـن پێناسـە بـۆ سیسـتەمی ئابووریـش بریتییـە لـە: کۆمەڵێـك یاسـاو ڕێسـاو دامـودەزگاو رێـکاری زانسـتی و جێبەجێـکاری ئابـووری بەربـڵاو لـە کۆمەڵـگادا، کـە سیسـتەمی ئابـووری پەیوەنـدی بـەزۆری و کەمـی سـەروەتەوە نییـەو کاریگەریشـی لەسـەر کەمـی و زۆری سـەروەت نییـە، بەهەمـان شـێوە زۆری و کەمـی سـەروەتیش کاریگەریـان لەسـەر سیسـتەمە ئابوورییەکـە نییـە( النبهـاني، ٢٠٠٤م، ص٥٥)،

دەرامەتـە ئابوورییەکانـش: بریتیـن لـەو دەرامەتـە دەگمەنانـەی یارمەتییدەرن بۆ بەرهەمهێنـانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان و دابـەش بـوون بەسـەر سـێ جـۆری دەرامـەت، کـە یەکەمییـان دەرامەتـە سروشـتییەکانن و لەوانـەن مـرۆڤ دەسـتی لـە بوونیانـدا نیـە و تەنهـا لـە کـرداری بەرهەمهێنانـدا بـە کاریـان دەهێنێـت وەک: زەوییـە کشـتوکاڵییەکان و دارسـتانەکان و کانـزاکان و ڕووبـارو دەریاچـەو ماسـیی و نـەوت و.....هتـد، دووەمیشـیان دەرامەتـی مرۆییـە کـە خـۆی لـە کاری مـرۆڤ و جێبەجێکردنـی پـڕۆژەکادا دەبینێتـەوە، سـێیەم دەرامەتـە دروسـتکراوەکانن، کـە هەمـوو ئـەو دەرامەتانـە دەگرێتـەوە مـرۆڤ دروسـتییدەکات و لەهەمـان کاتـدا یارمرتییـدەری مرۆڤـن لـە بەرهەمهێنانـدا، نمونـەی ئەوامانـەش ئامێرەکانـی بەرهەمهێنانـن ( سـلیمان، ٢٠١٥م، ص١٥-١٦). شـایەنی باسـە لـەم توێژیینەوەیـەدا جەخـت لـە دەرامەتـە سروشـتییەکان و کارکـردن کراوەتـەوە تیایانـدا.

**دووەم: پوختەیەک لە سەربووردەی ژیانی بوخاریی و بەرهەمەکانی**

١- پوختەیەک لە سەربووردەی ژیانی بوخاریی:

أ- بوخاریی کێیە؟

نـاوی (مُحَمَّـد بـن إِسْـمَاعِيل بـن إِبْرَاهِيـم بـن الْمُغـيرَة الْجعْفِـيّ البُخَـارِيّ) یـە، نـاسراوە بـە (البُخَـارِيّ) ، خاوەنـی کتێبـی (الجامـع الصحيـح، التأريـخ الكبيـر) و چەندیـن دانـراوی دیکەیە(ابـو یعـلی، ج١، ص٢٧١؛ الصفـدي، ٢٠٠٠م، ج٢، ١٤٨)، نـاوی بوخاریـی دەگەڕێتـەوە بـۆ شـوێنگەی لـە دایکبوونـی کـە (بُخـارا) یـە و کەوتۆتـە ناوچەکانـی ئـەو دیـو ڕووبـارەوە، کـە شـوێنگەی دەرکەوتنـی زاناگەلێکـی زۆر بـوو لـە زۆربـەی بوارەکانـدا( السـمعاني، ١٩٩٧م، ج٣، ص٣١٣، النـووي، ج١، ص٦٧)، لـە سـاڵی (١٩٤ک/ ٨٠٩ز) لـە دایـک بووە(ابـو یعلی، ج١، ص٢٧٨، الذهبـي، ١٩٩٦م، ج١٢، ص٣٩٢، اليافعـي، ١٩٩٢م، ج٢، ص١٢٤). باوکیشـی یەکێـک بـووە لـە زانـا دیارەکانـی ناوچەکـەی، ئەمـەو بوخاریـی یەکێـک بـووە لـەو کەسـانەی هەتیـو بـووەو بـە بـێ باوکـی گـەورە بـووەو پێگەیشـتووە ( السـبكي، ١٩٤٨ز، ج٢، ٢١٣)، سـەرەتای موسـوڵمان بوونیشـییان دەگەڕێتـەوە بـۆ (الْمُغـيرَة) ی باپیـرە گـەورەی بوخاریـی کـە لـە سـەرەتادا لەسـەر ئایینـی (مەجوسـی) بـووە و دواتـر لەسـەر دەسـتی (يَمـانٍ الْبُخـاري) موسـوڵمان بـووە.( ابـن تغـري بـردي، ١٩٩٢م، ج٣، ص٣٢-٣٣).

ب- نوسین و بەرهەمەکانی:

گومـان لـەوەدا نییـە کـە بوخاریـی لـە مێـژوودا زیاتـر بەیەکێـک لـە بەرهەمەکانـی بـە ناوبانگـە کـە کتێبـی ( الجامـع الصحيح)ەکەیەتـی و بـە (صحيـح البخـاري) نـاسراوە، بـەڵام جگـە لـەو کتێبـە چەندیـن کتێـب و دانـرای دیکـەی هـەن کـە کـۆی بـە رهەمەکانـی ئەمانـەی:

١-الجامِعُ الصَّحيح: سەرچاوەی بواری توێژینەوەکەمانە، دواتر بە تێرو تەسەلی ئاماژەی پێ دەدەین.

٢- التأريخ الكبير: يەكێكە لە كتێبە گرنگەكانی و خۆشی زۆر گرنگی پێداوە بە ئەندازەیەک گوتوویەتی سێ جاران كتێبی ( التأريخ)ەكەم نوسیوەتەوە (الذهبي، ١٩٩٦م، ج١٢، ص٤٠٣(

٣- التاريخ الصغير: هەر لە كتێبی (التأريخ الكبير) دەریهێناوە بەڵام ژیاننامەكانی بە پێی مێژووی مردن ڕیزبەند كردووە، لەگەل ئەوەی زۆری هەوڵداوە پوختی بكاتەوە، ئەمەو هەندێ شتیشی لێ زیاد كردووە، ( كافی، ٢٠٠٠م، ص٦٤-٦٥).

٤- التأريخ الأوسط: لەسەر هەمان شێوەی كتێبی (التاريخ الصغير) نوسراوە، كە ڕیزبەند كراوە بە پێی مێژووی مردنی گێڕەرەوەكانی فەرموودە ( الرباط وآخرون، ٢٠٠٩م، ج٢، ص٢٢٩).

٥- كتاب الكُنَى: هەندێ لە زانایان پێیان وایە ئەو كتێبە سەربەخۆیە، بەڵام هەندێک پێیان وایە هەر بەشێكە لە كتێبی (التأريخ الكبير) یان تەواوكەری ئەو كتێبەیە، (كافی، ٢٠٠٠م، ص٦٥).

٦- الضُّعَفاءُ الكَبير: نوسەری كتێبی ( منهج البخاري) ئاماژەی بەوە داوە كە لە كتێبی ( الفهرست) دا ئاماژە بەو كتێبە دراوە بەڵام بە گەڕانەوەمان بۆ كتێبی ناوبراو بینیمان بە (الضُّعَفاءُ الكَبير) ناوی نەهاتووە بەڵكو بەس بە (الضُّعَفاءُ) هاتوە ( ابن نديم، ص٢٨٦؛ كافی، ٢٠٠٠م، ص٦٥).

٧- الْأَدَبُ الْمُفْرَدُ: كتێبێكی باشە لە بواری خۆیدا، كۆمەڵێک فەرموودەی لە خۆگرتووە باسی ڕاستكردنەوەی نییەت و مەبەست و پاڵفتەكردنی ڕەوشت و ڕاستكردنەوەی هەڵسوكەوت و هەڵسوكەوتی گشتییان كردووە، بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١) لە ( الذهبي، ١٩٩٦م، ج١٢، ص٤٢٧).

٨- خَلْقُ أَفْعَالِ الْعِبَادِ وَالرَّدُّ عَلَى الْجَهْمِيَّةِ: دەربارەی بیروباوەری ئەهلی سوننەت و جەماعەت نوسراوە بە تایبەت لەسەر هەنێ لە ناوو سیفەتەكانی خوا( سزكين، ١٩٩١م، ج١، ص٢٥٩).

٩- جُزْءُ الْقِرَاءَةِ خَلْفَ الْإِمَامِ: لەو كتێبەدا پشتگیری لەو ڕایە كردووە كە خوێندنی سورەتی (الفاتحة) بە واجب دەزانێ لەسەر پێشنوێژ و نوێژخوێنان و لە هەموو نوێژەكان (كافی، ٢٠٠٠م، ص٦٧).

١٠- جُزْءُ رَفْعِ الْيَدَيْنِ: باسی لەو شوێنانەی نوێژ كردووە كە دەستی تێدا بەرز دەكرێتەوە و بەڵگەكانی ئەو ڕایەی باس كردووە (كافی، ٢٠٠٠م، ص٦٧).

ئەمەو چەندین كتێبی دیكە هەیە وەک وەک ( بِرُّ الْوالِدَيْن، الجامِعُ الْكَبير، التَّفْسيرُ الكَبير، الأشْرِبَة، الهِبَّة، أُسامي الصَّحابَة، المَبْسوط، العِلَل، الفَوائِد، قَضايا الصَّحابَةِ وَالتّابِعين، المُسْنَدُ الكَبير، كِتابُ الوَحْدان، كِتابُ الفَرائِد، المؤتلف والمختلف) (العسقلاني، ٢٠٠٠م، المقدمة، ص٦٨٦؛ الدمشقي، ١٩٩٢م، ص٦٦).

ج- كۆتایی ژیانی بوخاریی:

بوخاریی بەهۆی ئەوەی خۆی زانای بواری فەرموودە و فەرموودەناسی بووە، بەمەش خۆی زۆر كاریگەر بووە بە فەرموودە و سوننەتی بێغەمبەر(د.خ)ەوە هەر لەم سۆنگەوە بەر لە مردنی وەسییەتی كردووە كە كفنەكەی سێ پارچە بێت بە پێی سونەت و كراس و مێزەریشی بۆ دانەنێن، ( الدمشقي، ١٩٩٢م، ص٦٢)، دوا جار لە شەوی جەژنی ڕەمەزانی ساڵی ( ٢٥٦ک/ ٨٦٩ز) لە تەمەنی نزیكەی (٦٢) ساڵییدا لە گوندی (خەرتەنک) مرد لەماڵێكدا كە تەنها بووە و هەر لەو گوندەش نێژراوە ( النووي، ج١، ص٦٨؛ الصفدي، ٢٠٠٠م، ج٢، ١٤٩).

٢- كتێبی ( الجامِعُ الصَّحيح) ناسراو بە (صَحيحُ البُخاري)

أ- هۆكاری نوسینی كتێبەكەی

بخـاری کتیبەکـەی ناونـاوە ( (الْجَامِـعُ الْمُسْـنَدُ الصَّحِيـحُ الْمُخْتَـصَرُ مِـنْ أُمُـورِ رَسُـولِ اللَّـهِ صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ وَسُـنَنِهِ وَأَيَّامِـهِ)، ( الشـهرزوري، ص٢٦؛ النـووي، ج١، ص٧٣).کـە مەبەسـت لێـی ئەوەیـە کتێبەکـەی کـۆی پوختـەی ڕەچەتـەی فەرمـوودە ڕاسـت(صحیح)ەکانی لـە خـۆ گرتـووە، لەسـەر کاروبارەکانـی پەیامبـەر(د.خ) و سـوننەتەکانی و ڕۆژگارەکانـی ژیانـی، بـەڵام کتێبەکـە لـە ناوەنـدی فەرمووەدەناسـان و زانایـان و تەنانـەت خەڵکـی گشـتیش زیاتـر بـە (صَحِيـحُ البُخـاري) ناوبانگـی دەرکـردووە، سـەبارەت بـە هـۆکاری نوسـینی کتێبەکەشـی ئـەو بوو،کاتێـک بوخاریـی سـەرنجی دەدا و هەمـوو ئـەو کتێبانـەی فەرمـوودەی دەدی، بـەڵام کتێبـەکان تێکەڵبـوون لـە فەرمـوودەی ڕاسـت(صحیح) چاک(حسـن) و لاواز(الضعیـف) ، ئەمـە بـووە پاڵنەریـک بـۆی و بیرۆکـەی ئـەوەی لا دروسـت بـوو کـە فەرمـوودە راسـت (صحیـح)ەکان کۆبکاتـەوەو بیانپارێـزێ لـە تێکەڵبـوون بـە فەرمـوودە لاوازەکان( العسـقلاني، ٢٠٠٠م، المقدمـة، ص٩)، سـەبارەت بـە هـۆکاری ڕاسـتەوخۆی نوسـینی کتێبەکـەش، بوخاریـی خـۆی گوتوویەتـی:» لـە لای {إِسْـحاقُ بْـنُ راهَوَيْـهِ:م/ ٢٣٨ک/ ٨٥٢ز } بوویـن هەنـدێ لـە هاوەڵانمـان گووتیـان: شـتێکی چاکتـان دەکـرد ئەگـەر هاتبـاو فەرموودەکانـی پەیامبەر(د.خ)تـان بـە پوختەکـراوی لـە دوو توێی کتێبێکـدا کۆکردبـاوە، ئـەوەم لـە دڵمـدا هەڵگرتـوو بـەو هۆیـەوە ئـەو کتێبـەم نوسـی» ( العسـقلاني، ٢٠٠٠م،المقدمـة، ص٩؛ النـووي، ج١، ص٧٤)، ئەمـەو مـاوەی نوسـینی کتێبەکەشـی خـۆی ئامـاژەی پێـداوەو گوتوویەتـی:» کتێبەکەمـم لـە مـاوەی (١٦) سـاڵدا نوسـیوە...» سـەبارەت بـە ژمـارەی فەرموودەکانـی کتێبەکەشـی ئامـاژەی بـەوە داوە کـە خـۆی گوێبیسـتی (٦٠٠٠٠٠) فەرمـوودە بـووە بـە فەرمـوودەی ڕاسـت(صحیح) و جۆرەکانـی دیکەشـەوە ) ( ابو یعـلی، ج١، ص٢٧٥-٢٧٦؛ الصفـدي، ٢٠٠٠م، ج٢، ١٤٩ )، بـەڵام ژمـارەی ئـەو فەرموودانـەی دانـی پێـدا نـاون و لـە کتێبەکەیـدا نوسـیونی ژمارەیـان (٧٢٧٥) فەرموودەیـە بـە دووبـارە بوونـەوەی فەرمـوودەکان، گوتـراوە بـە بـێ دووبارەبوونـەوە ژمارەیـان (٤٠٠٠) فەرموودەیـە ( العسـقلاني، ٢٠٠٠م، المقدمـة، ص٦٥٤).

ب- گرنگییدانی زانایان بە کتێبەکەی:

توێژەرێـک بـە نـاوی (مُحَمَّـد عِصـام عـرار الحُسَـيْني)ئەوەندەی بـۆی کـراوە هەسـتاوە بـە کۆکردنـەوەی ئـەو کتێبانـەی لەسـەر کتێبەکـەی بوخاریـی نـوسراون لای ئـەو ژمارەیـان گەیشـتۆتە (٣٧٥) کتێـب، کـە لـە کتێبەکیـدا بـە نـاوی (إتحـاف القـاري بمعرفـة جهـود وأعـمال العلـماء عـلى صحيـح البخـاري)و کـە لـە سـاڵی (١٤٠٧ک/١٩٨٦ز) بـۆ یەکـەم جـار چـاپ کـراوە، ئامـاژەی بـەو کتێبانـە داوە(الحسـيني، ١٩٨٧م، ص٦)، ئەمـەو یەکـەم کتێبـی ڕاڤـەو لێکدانـەوە لەسـەر کتێبەکـە، کتێبەکـەی (أَبـو الْحَسَـنُ عَـلِيُّ بْـنُ خَلَـفُ بْـنُ بَطَّـالٍ القُرطُبـيّ ثُـمَّ البَلَنْـسِيّ:م/ ٤٤٩ک/١٠٥٧ز) یـە کـە لێکدانەوەیەکـی فراوانـی بـۆ کتێبەکـە کردبـێ دەنـا بـەر لـە ئـەو ڕاڤـەی هەریەکـە ( أَبـو سُـلَيْمَانَ الْخَطَّـابِيُّ:م/٣٨٦ک/٩٩٦ز) و (الْمُهَلَّـبُ بـنُ أَحْمَـدَ بـنِ أَبِي صُفْـرَةَ:م/ ٤٣٥ک/١٠٤٣ز) پێشـتر کـراون، بـەڵام لێکدانەوەکانیـان بەرتەسـکتر بـوون( ابـن العـربي، ٢٠٠٧م، مـج١، ص٢٢٦).

گرنگتریــن ئــەو ڕاڤــەو لێکدانەوانــەش کــە لەســەری کــراون ئەمانەن:(الخطــابي:م/ ٣٨٨ک/٩٩٨ز)، أعــلام الســنن، (الکرمـاني:م/٧٨٦ک/١٣٨٤ز)، الکوکـب الـدراري في شرح صحيـح البخـاري، (ابـن حجـر العسـقلاني:م/٨٥٢ک١٤٤٨ز)) ، فتـح البـاري شرح صحيـح البخـاري، کـە گرنگتریـن و باشـترین ڕاڤەیـە بـۆ کتێبەکـە، (العينـي:م/٨٥٥ک/١٤٥١) . عمـدة القـاري شرح صحيـح البخـاري، (القسـطلاني:م/٩٢٣ک/١٥١٧ز) ارشـاد السـاري في شرح صحيـح البخـاري، (الکنکوهـي:م/ ١٣٢٣ک/ ١٩٠٥ز) لامـع الـدراري عـلى جامـع البخاري.(الکشـميري الحنفـي:م/١٣٥٢ک/١٩٣٣ز) . فيـض البـاري شرح صحيـح البخـاري( الزهـراني، ١٩٩٦م، ص١٢٢)، ئەمانـەو چەندیـن کتێبـی دیکـەی ڕاڤـەو لێکدانـەوەو بـە دواداچوونـی کتێبەکـە هـەن، کـە گرنگـی و بایەخـی کتیبەکـەی زیاتـر کـردووە لـە ناوەنـدە زانسـتییەکاندا، بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی بەرهەمـەکان لەسـەر ڕاڤـەو لێکدانــەوەکان بڕوانــە:( المظاهــري، ١٩٩٤م، ص١٤١-١٥٢).

سێیەم: سەربووردەی ژیانی موسلیم و بەرهەمەکانی

١- سەربوردەی ژیانی موسلیم:

ناوی (أَبـو الحُسَـيْنِ مُسْـلِمُ بْـنُ الْحَجَّـاجِ بْـنِ مُسْـلِمِ بْـنِ وَرْدٍ بْـنِ كوشـاذٍ الْقُشَـيْرِي النَّيْسـابوري)ە، لـە دوای بوخاریـی دیارتریـن بـە ناوبانگتریـن زانـای فەرمووودەناسـییە، ڕەچەڵەکـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ( قُشَـيْرُ بْـنُ كَعْـبِ بْـنِ رَبِيعَـةَ بْـنِ عَامِـر)ە، کـە (قُشَـيْر) هۆزیکـی گـەورەی عەرەبـەو زاناگەلێکـی زۆر ڕەچەڵەکیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو هـۆزە، ئەمەو نازنـاوی (النَّيْسـابوري) یشـی بۆیـە بەسـەردا بـڕاوە، چونکـە ئـەو شـارە کـە یەکێکـە لـە شـارە گەورەکانـی (خۆراسان)شـوێنگەی لـە دایکبـوون و ژیانییەتـی( مسـلم، ١٩٨٤م، ج١، ص١٥؛ ابـو یعـلی، ج١، ص٣٣٧؛ الخطیـب البغـدادي، ٢٠٠١م، ج١٥، ص١٢١، الشـهرزوري، ١٩٨٤م، ص٥٦؛ العثـماني، ٢٠٠٦م، ج١، ص٢٦٩)، دەربـارەی سـاڵی لـە دایکبوونـی جیـاوازی هەیـە، هەنـدێ پێیـان وایـە لـە سـاڵی (٢٠١ک/٨١٦ز) لـە دایـک بـووە، بـەڵام هەندێکیـان پێیـان وایـە لەسـاڵی (٢٠٦ک/ ٨٢١ز) لـە دایـک بـووە، هـۆکاری ئـەو جیاوازییـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی سـەرچاوەکان ئاماژەیـان بـەوە داوە لـە سـاڵی (٢٦١ک/٨٧٤ز)و لـە تەمەنـی (٥٥) سـاڵی مـردووە، بـە دەرکردنـی ساڵەکانی تەمەنـی لـە سـاڵی مردنـی دەردەکـەوێ لـە سـاڵی (٢٠٦ک/ ٨٢١ز) لـە دایـک بـووە، هـەر چەنـدە هەنـدێ لـە سـەرچاوەکانیش ئاماژەیـان بـەوە داوە لـە سـاڵی (٢٠٢ک/٨١٧ز) یـان (٢٠٤ک/٨١٩ز) لـە دایـک بووبـێ بـەڵام ئـەوە ڕایەکـی لاواز دیـارە، بـە هـەر حـاڵ جیـاوازی لـەوەدا نییـە کـە لـە لـە دووسـەدی کۆچـی بـووە، بـەڵام جیاوازییەکـە لـەوەدا هەیـە دووسـەد و چەنـد بـووە، کـە پێدەچـی ئـەو ڕایـەی پێـی وایـە لـە سـاڵی (٢٠٦ک/ ٨٢١ز) لـە دایـک بووبـێ لـە ڕایاکانـی دیکـە ڕاسـتر بـێ( مسـلم، ١٩٨٤م، ج١، ص١٥؛ الشـهرزوري، ١٩٨٤م، ص٦٤؛ بروکلـمان، ١٩٧٤م، ج٣، ص١٧٩؛ فاخـوري، ص٣٥).

٢-بەرهەمەکانی:

موسـلیم خاوەنـی چەندیـن بەرهەمـە لەوانـە( المسـند الصحیـح) کـە بەناوبانگترینیانـە، جگـە لـەم کتێبـەش کتێبەکانـی (الأَسْـمَاءِ وَالْكُنَـى، ألأَوْحـاد، المُفْـرَد، التَّأْريـخ، الطَّبَقـات، المسـند الكبـير عـلى الرجـال، الجامـع الكبـير عـلى الابـواب، التمييـز، العلـل، الوحـدان، الاَفـراد، الأَقْـران، سـؤالات أَحْمَـد بْـنُ حَنْبَـل، ألإِنْتِفـاع بِأَهَـبِ السِّـباع) لـە بەرهەمـە دیارەکانـی ئـەو فەرمووودەناسـەن، بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی بەرهەمەکانـی بڕوانـە ( ابـن ندیـم، ص٣٢٢؛ ابـن الجـوزي، ١٩٩٢م، ج١٢، ص١٧١؛ النـووي، ٢٠٠٠م، ج١، ص٢٩-٣٠؛ بروکلـمان، ١٩٧٤م، ج٣، ص١٨٠-١٨٤).

موسـلیم لـە ڕۆژی یەکشـەممەی کۆتایـی مانگـی ڕەجەبـی سـاڵی (٢٦١ک/٨٧٤ز) لـە تەمەنـی (٥٥) سـاڵییدا مـردووە و لـە ڕۆژی دووشـەممەش بـە خـاک سـپێردراوە ( الحلبي، ١٩٨٤م، ص٢٦٤؛ ابـو یعـلی، ج١، ص٣٣٩؛ الخطیـب البغـدادي، ٢٠٠١م، ج١٥، ص١٢٥؛ الشـهرزوري، ١٩٨٤م، ص٦٤؛ الدیاربکـري، ج٢، ص٣٤٣)

٣- کتێبی (المسند الصحيح) ناسراو بە ( صحيح مسلم):

گومـان لـەوەدا نییـە کـە بـا ناوبانگتریـن کتێبـی موسـلیم ئـەو کتێبەیەتـی کـە نـاسراوە بـە (صحیـح مسـلم)، چەقـی لێکۆڵینـەوەی ئێمـەش لـە کتێبەکانـی ئـەو کتێبەیەتـی، بۆیـە بـە باشـمان زانـی تیشـکێک بخەینـە سـەر ئـەو کتێبـە کـە لـەدوای قورئـان و (صحیـح البخـاري) بـە ڕاسـترین کتێبـی نێـو مومسـوڵمانان دانـراوەو یەکێکـە لـە سـەرچاوە سـەرەکییەکانی ڕێبـازی ژیانیـان.

أ- گرنگی و پێگەی کتێبەکە:

کتێبەکـە یەکێکـە لـەو شـەش کتێبـەی فەرمـوودە کـە لـە مێـژووی موسـوڵمانان بـە (الصَحـاح السِّـتَّة) نـاسراون و لـە نێویانـدا دوای کتێبەکـەی بوخاریـی پێگـەی دووەمـی وەرگرتـووە، بـە (المُسْـنَدُ الصَّحيـح) یـان (الجامِـعُ الصَّحيـح) یـان (صحیح

مسلم) یان (الجامع) ناوی هاتووە، بەڵام لە نێو خەڵکی پسپۆڕو تەنانەت خەڵکی گشتیش زیاتر بە ( صحیح مسلم ) ناوی دەرکردووە، نزیکە خۆی لە قەرەی بوخاریی بدا لە زۆری دەستنوسەکانی و هەبوونی لە کتێبخانەکاندا، تەنانەت لە هەندێ ڕووەوە گەیشتۆتە ئاستی ولەویش پێشکەوتووەتەوە ( حاجي خليفة، ج١، ص٥٥٥؛ بروکلمان، ١٩٧٤م، ج٣، ص١٨٠)، لەبەر ئەوەش لەگەڵ کتێبەکەی بوخاریی پێیان گوتراوە ڕاست (الصَّحيح)، چونکە هەوڵەکانیان یەکەمین بووە لە نوسینەوەو کۆکردنەوەی فەرمووودە ڕاست(الصَّحيح) ەکان و هەوڵیان داوە ئەوەندەی لە توانایاندا بووە لە فەرمووده لاوازو هەڵبەستراوەکان هەڵاوێریان بکەن، سەبارەت بە ناوی (المُسْنَدُ)یش موسلیم خۆی ئەو ناوەی بۆ داناوە، کە مەبەست لێی چەمکە زانستییەکەی زانستی فەرمووده نییە بەو واتایەی مەبەست لێی ڕەچەتەی فەرموودەکان بێ، بەڵکو مەبەست لێی تەنها بەرزکردنەوەی فەرموودەکانە بە پێی لێکدانەوەی خۆی بۆ لای پێغەمبەر(د.خ) ( فاخوری، ص٦٠-٦١؛ طوالبة، ٢٠٠٠م، ص١٠٢-١٠٣؛ النورستاني، ٢٠٢٣م، ص٦١-٦٢).

سەبارەت بە ژمارەی فەرموودەکانی کتێبەکە موسلیم خۆی ئاماژەی پێداوەو گوتوویەتی:» ئەو {المسند} ە راست(الصحيح)ەم لەکۆی (٣٠٠٠٠٠) فەرمووده کە گوێم لێگرتووە نوسیوەیەوە، کە لە کۆی ئەو فەرموودانەی گوێبیستیيان بووە (١٢٠٠٠) فەرموودەی دیارییکردووە، لە نێو ئەو (١٢٠٠٠) فەرموودەیەش کۆی فەرموودەکانی کتێبەکە بە بێ دووبارە بوونەوە (٣٠٣٣) فەرموودەیە( ابو يعلى، ج١، ص٣٣٨؛ الخطيب البغدادي، ٢٠٠١م، ج١٥، ص١٢٢؛ النووي، ٢٠٠٠م، ج١، ص٩؛ ابوالفدا، ج٢، ص٥١).

ب- کاری زانایان لەسەر کتێبەکە:

بایەخی هەرە گەورەی کتێبەکە لای زانایان خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە بەردەوام نەوە لە دوای نەوە بە گوێلێگرتنی و خوێندنەوەی و دەستاوەدەستکردن و مۆڵەتی زانستی لەسەر وەرگرتنییەوە خەریک دەبوون ( مزيد، ج١، وو٢٩١)، هەر لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی زانایان دەستییان کرد بە نوسین لەسەر ڕاوییەکانی کتێبەکە، ئەمەو دەستیان کرد بە کتێب نوسین لەسەر کۆردنەوەی فەرموودەکانی (صحيح مسلم) لەگەڵ فەرموودەکانی (صحيح البخاري)دا بەیەکەوەو لە دوو توێی یەک کتێبدا، کە کتێبەکانی ( الجوزقي :م/٣٨٨ک/٩٩٨ز/ الجمع بين الصحيحين) و (الحاكم النيسابوري م/٤٠٤ک/١٠١٤ز/ المستدرك على الصحيحين) و چەندین نموونەی تریش لەو کتێبانەن ، ئەمەو گرنگی زۆریان بە گێڕانەوەکانی دەدا بە شێوەیەک کە لە چاخەکانی دواییدا ناوبانگی گەورەی پەیدا کرد (مزيد، ج١، ص٢٩٨؛ الزهراني، ١٩٩٦م، ص١٣٠).

گرنگییدانێکی دیکەی زانایان بە کتێبەکە خۆی لەو شرۆڤەو لێکدانەوە زۆرانەدا دەبینییەوە کە لەسەر کتێبەکە دەکران و تاکو ئەو سەردەمەی ئێستاش بەردەوامی هەیە، گرنگترین ئەو کتێبانەش کتێبەکانی: (الْمَازَرِيِّ:م/٥٣٦ک/١١٤١ز، المُعْلِم بِفَوَائِدِ شَرْحِ مُسْلِم، (القاضي عياض:م/٥٤٤ک/١١٤٩ز)، الإكْمال في شَرْحِ مُسْلِم)، (القرطبي:م/٦٥٦ک/١٢٥٨ز)، المُفْهِم لِما أشْكَلَ مِنْ تَلْخيص صَحيحِ مُسْلِم)، (النووي:م/٦٧٦ک/ ١٢٧٧ز، المِنهاج في شَرحِ مُسلِمِ بْنِ الحَّجاج، ( حاجي خليفة، ج١، ص٥٥٦)، (السيوطي:م/٩١١ك/١٥٠٥ز)، الدِّيباج على صَحيحِ مُسلِمِ بْنِ الحَّجاج)، (صديق حسن خان:م/١٣٠٧ك/١٨٩٠ز)، السِّراجُ الوَهّاج في كَشفِ مَثالِبِ صَحيحِ مُسلِمٍ بْنِ الحَّجاج، (العُثماني): فتح المُلْهِم بِشَرْحِ صَحيحِ مَّسْلِم)، ( بروكلمان، ١٩٧٤م، ج٣، ص١٨٠-١٨٤).

تەوەرەی دووەم

ڕەگەزی ئابووری و دەرامەتەكانی لە (صحيح البخاري) و (صحيح مسلم)دا

یەكەم: ئابووری وەک ڕەگەزێكی شارستانی

دیارە بۆ ئەوەی بزانیین كە ئایا ئابووری و دەرامەتەكانی ئابووری دەچنە چوارچێوەی ئەو بابەتەو بە ڕەگەزی شارستانی دادەنرێن، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕای بیرمەندان و فەیلەسوفان، لەم سۆنگەوە ئاماژە بە ڕای چەند بیرمەندێک دەكەین:

لە توێژینەوەیەكی تێزی دكتۆرادا كە لەسەر ( الماوَرْدِيّ: ٣٦٤-٤٥٠ک /٩٧٤-١٠٥٨ز)نوسراوە، ئاماژە بە شەش ڕەگەزی شارستانی دراوە لە دیدی ( الماوَرْدِي)یدا، كە ئەو وەک ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی كۆمەڵایەتی جیهانی ناوی بردوون و ئابووریشی بە یەكێک لە ڕەگەزە شارستانییەكان داناوەو بە خۆشگوزەرانی ئابووری گشتی ناوی بردووە، كە مەبەست لەوەیە خەڵكی بێ جیاوازی لە زیندەگییەكی خۆشدا بژین و دوور بن لە ستەم و چەوسانەوە (Fadi, ١٣٧-٢٠٢١AD, P١١٨).

لە دیدی (إِبْنُ خَلْدون: ٧٣٢-٨٠٨ک/ ١٣٣٢-١٤٠٥ز)دا ڕەگەزی ئابووری لە چوارچێوەی دەرامەتە ئابوورییەكاندا خراوەتە روو، لەو بارەوە باسی سامانی كردووە، سامان لە سۆنگەی گواستنەوەی كۆمەڵگاوە لە سارانشینییەوە بۆ شارستانی و دامەزراندنی دەوڵەتەوە دێتە ئاراوە، لەم ڕێگەیەشەوە كۆمەڵگا ڕووەو خۆشگوزەرانی هەنگاو دەنێت و بەمەش هەمە چەشنەیی لە خۆشگوزەرانی و باشكردنی شێوەو حاڵەتەكانییدا دێتە دی، هەروەها هەوڵ و خەرجی ئەو پیشەگەرییانەیە كە جوانكاری دەكرێت لە جۆرەكانی و تەواوی لایەنە هونەرییەكانییدا، وەک لایەنە هونەرییەكانی ئامادەكردنی خواردن و جلوبەرگ و خانوبەرەو ڕاخەر و قاپ و قاچاغ و تەواوی شتەكانی دیكەی نێو ماڵ، كاتێكیش ئەو گوشادییە لە زیندەگی و هونەركارییە لە حاڵەتەكانییدا هاتە دی، ئەوا دەگەن بە ئامانجەكانیان و حاڵ و بارودۆخیان بە ئاراستەی گوزەرانخۆشی شارستانییەت دەگۆڕێت ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٣٣٨، خدر، ٢٠١٥ز، ل١٢٤)،ئەمەو باسی كشتوكاڵیشی كردووە كە بەلای ئەوەوە یەكەم ڕێگەو رووكاری ژیانە و شێوەی هەرە سەرەتایی و ساكارییەتی و پێویستی بە تێڕامان و زانست نییە، هەروەها پێی وایە ئادەم (س.خ) یەكەم كەس و مامۆستاو فیركاری یەكەمی ئەو ڕێگەیەیە ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٦٨)، جگە لەمە باسی پێشەسازی و بازرگانیشی كردووە، كە پیشەسازی لای ئەو بە دووەم ڕێگەی زیندەگی و ژیان دانراوە دوای كشتوكاڵ كە دواتر دەركەوتووە، ئەو ڕێگەیە پێویستی بە وردبوونەوەو تێڕامان بووە بۆیە پێی وایە لە قۆناغی شارنشینی كە دوای قۆناغی سارانشینی هاتووە دەركەوتووە و سەرەتاكەشی گێڕاوەتەوە بۆ پێغەمبەر ئیدریس (س.خ) ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٦٩)، بازرگانیشی لە ڕیزی پیشەسازی و كشتوكاڵكردن داناوە، كە پێی وایە ئەمانە ئەو شتانەن ژیانی مرۆڤی لەسەر وەستاوەو، دەسمایەی هەرە سەرەكی مرۆڤ ژیان و زیندەگییەكەیەتی، ئەمەش بە هەوڵدان لەو ڕێگایانەوە وەگیر دەكەوێ كە یەكێكیان بازرگانییە ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٦٩).

لە لایەكی ترەوە بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆژئاواش باسیان لە ئابووری كردووە وەک ڕەگەزێكی شارستانی، بۆ نموونە هەریەک لە ( ئیمێل دۆركهایم- Émile Durkheim) و ( ماكس ڤیبەر – Max Weber)، ئاماژەیان بە ڕەگەزەكانی شارستانییەت كردووە، هەردووكیشیاان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئابووری یەكێكە لە ڕەگەزەكانی شارستانییەت ( Richard, ٢٠١٠AD, P٢٧)، ئەمەو هەر یەک لە (گوستاڤ لوبون – Lebon) (ڕالف لینتون - Ralph Linton) یش ئاماژەیان بە ( كشتوكاڵ، پیشەسازی) وەک دوو سەرچاوەو دەرامەتی ئابووریی كردووە و بە ڕەگەزی شارستانی هەژماریان كردوون

لەگەڵ چەند ڕەگەزێکی تردا ( لوبون، ١٩٦٩م، ص٥٨٤؛ رالف، ٢٠١٠م، ج١، صص٧٥، ٧٨، ٨٨، ١٤٩)، هەروەها ( ویل دیورانت - Will Durant) فەیلەسوف و مێژوونووس و نوسەری ئەمریکی، لەگەڵ چەند ڕەگەزێکی دی ئاماژەی بە سەرچاوە ئابوورییەکانیش کردووە وەک ڕەگەزێکی شارستانی ( Durant, ١٩٥٤AD,P١).

دووەم: کارو دەستی کار و کشتوکاڵ لە (صحیح البخاري) و ( صحیح مسلم)دا

١- کارو دەستی کار:

ئەو ئایەتەی قورئان کە هانی مرۆڤی داوە بۆ جوڵەو چالاکی و کار، بوخاریی لە کتێبەکەیدا دایناوە، کە تێیدا هاتووە (...اعملوا فسیری الله عملکم و رسوله والمؤمنون...) التوبة/١٠٥ واتە: (ئەی پێغەمبەر (د.خ) بەهەموو ئەو خەڵکە بڵێ: کاری خۆتان بکەن بێگومان بن خوای گەورەو پێغەمبەر (د.خ)هکەی و باوەڕداران کردەوەکانتان دەبینن) (کاکە محمود، ٢٠١٦ز، ل٣٨٨). ئەو ئایەتەشی لەچوارچێوەی ڕاگەیاندنی پەیامی ئایینی داهێناوەو دەربارەی ئایەتەکە وتەیەکی (عائیشە)ی هاوسەری پێغەمبەر (د.خ) هاتووە، کە گوتویەتی: ئەگەر کردەوەی جوان و چاکی کەسێك سەرسامی کردی بڵێ: اعملو فسیری الله عملکم و رسوله والمؤمنون..) (البخاری، ٢٠١٦م، ص٣٣٤٩).

لەهەردوو سەرچاوەی بواری ئەم توێژینەوەیە چەندین فەرمووده هاتوون، کە گرنگی کارو هێزی کار دەردەخەن و بایەخ و گرنگی و کاریگەری دەستی کاریش نیشان دەدەن، کە دەتوانرێت بکرێتە بەڵگەی گرنگیان لە بواری ئابووری و پەرەپێدانی جوڵەی ئابووری، لە یەکێ لە فەرمودەکاندا پێگەو بایەخی دەستی کاری بەهێز خراوەتەڕوو بەبەراورد بە دەستی کاری لاواز وەك هاتووە:» المؤمن القوي خیر واحب الی الله من المؤمن الضعیف و فی کل خیر « واتە: ( لەلای خوا باوەڕداری بەهێز خۆشەویستر و باشترە لە باوەڕداری لاواز، هەرچەندە لە هەردووکیشاندا چاکە هەر هەیە ( مسلم، ١٩٩١، ج٤، ص٢٠٥٢)، هێزیش لەو فەرمصودەدا واتایەکی فراوانی هەیە، کە هێزی دەروون و لێهاتوویی بۆ کاروبای دوارۆژی دەگرێتەوەو باوەڕداری بەهێز ورەی زیاترە لە فرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە و ئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتیەکان و بەرگەگرتنی ئاستەنگەکان و ئارەزوومەندانەترە لە تەواوی پەرستشەکان و جوڵەو وەرزش و بوارەکانی دیکەی ژیانیشی (النووی، ١٩٩م، ص٢٦٠؛ العثمانی، ٢٠٠٦م، ج١١، ص٣٩٣-٣٩٤) هەر لەم سۆنگەشەوە دەتوانین بلێین بێگومان مرۆڤی لێهاتوو خاوەن بەهرەو تواناو پلان و پرۆژەی ئابووریش پەسندترە لە بابای هیچ لە بارادانەبوو و بێ هێز لە بواری پەرەپێدانە ئابوورییەکاندا.

لەلایەکی دیکەوە یەکێك لەو کارانەی پێغەمبەر (د.خ)ی ئیسلام ئەنجامی دەداو گرنگی و بایەخی کار دەسەلماند ئەوەبوو چەمکی کاری دەلکاند بە نازناوی کاری کاربەدەستەکانی، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە والیش با ئەوا هەر پێی دەگوترا (عامل) کە مەبەست و واتای کاربەدەستی دەگەیاندو هێما بوو بۆ جوڵەو کارکردن، ئەمەو بۆی ڕووندەکردنەوە ئەوەی دەنێردرێ کاروباری خەڵك ڕایی بکات بۆ ئەوە نەنێردراوە بەسەر خەڵکەوە ببێ بەمشەخۆر و کارەکانی پشتگوێ بخات هەروەك لەم فەرمووده‌دا هاتووە:» ئەرێ ئەو کاربەدەستە چییەتی دەینێرم بۆلای خەڵك دەیکەنە کاربەدەستیان، کەچی بەخەڵك دەڵێ: ئەوە بۆ ئێوەو ئەوەشی دیارییە بۆمن» (البخاری، ٢٠١٦م، ج٤، ص٢٩٢١؛ مسلم، ١٩٩١، ج٣، ص١٤٦٣).

سەبارەت بە هاندانی مرۆڤیش بۆ کارکردن و جوڵەی ئابووری، بوخاریی ناونیشانێکی تایبەتی بۆ هاندانی مرۆڤ بۆ کارکردن داناوە کە هەردوای تەواوبوونی نوێژ دەبێ کار و چالاکی ئابووری دەست پێ بکاتەوە، ئەو ئایەتەشی لەو بوارە هاتووە نوسیویەتی کە تێیدا هاتووە (فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ...) الجمعة/١٠ واتە: (جاکە توێژهکەی جومعە بەجێ هێنرا ئیتر بڵاوبنەوە بە زەوییدا و لەڕێگای کاسپی و

کاری دەستی خۆتانەوە داوای ڕزق و ڕۆزی بکەن لە خوا) (مدرس، ٢٠١٠ز، ل٥٥٤) لە فەرموودەشدا هاتووە کە پێغەمبەر(د.خ) خەڵکی هانداوە بۆ کارکردن و جوڵەو خۆدوورگرتن لە تەمبەڵی و سواڵ و پاڕانەوە لەخەڵك ئاماژەی بەوە داوە کە هەریەکێ لە خەڵکی ئەگەر بچێ بە پشتی دار بهێنێت و لە بازاڕ بیفرۆشێت زۆر بۆی باشترە کە داوا لە خەڵکی بکات جا پێی بدەن یان پێ ی نەدەن، هەروەها ڕێنمایی خەڵکی کردووە بەوەی باشترین خواردن و خۆراك بۆ مرۆڤ ئەو خۆراکەیە بەری ڕەنجی دەستی خۆی بێت و کاری دەستی خۆی بووبێ (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١٠٠٤، ١٠٠٨؛ مسلم، ١٩٩١م، ج٢، ص١٧٢١).

ئەمەو لە فەرموودەیەکی تردا هانی مرۆڤ دراوە کە بەردەوام هەوڵدا لەڕووی ئابووری و ژیانەوە دەستی لەسەرەوەبێ، چونکە ئەو دەستەی لەسەرەوەیەو دەبەخشێ و ساماندارو زەنگینە، باشترە لە دەستی خوارەوە، کە دەستی بێ بەرهەمەو زیاتر بەکاربەرە نەك بەرهەمهێن (البخاری، ٢٠١٦م، ج١، ص٧٦٢؛ مسلم، ١٩٩١م، ج٢، ص٧١٧).

هەموو ئەو دەقانەی خرانە ڕوو دەربارەی گرنگی کارو هاندانی مرۆڤ وەك دەستی کارو هێزی کار بۆ چالاکی و پەرەپێدانی ئابووری، ئەوە دەردەخات کە داینەمۆی هەلسوڕاندنی چالاکییە ئابوورییەکان، مرۆڤ خۆیەتی و مرۆڤ دەبێت بجوڵێت و هێزی هزرو دەروون و جەستەی بخاتە کار، بۆئەوەی جێ پەنجەی لە نەخشی ژیان دیاربێت، چونکە گومانی تێدا نییە مرۆڤگەلێکی لێهاتوو و کارا لە مێژوودا بوونەتە هۆی ئەو گەشە ئابوورییەی ئێستا ئێمە دەیبینین، کە ئەو گەشە ئابوورییەش بۆتە ڕەگەزێکی کارا لە پێشکەوتنە شارستانیەکاندا، مرۆڤەکانیش لە هەر پلەو پێگەیەکی ژیاندابن بەپێی پسپۆڕی و لێهاتوویی هەرتاکێکیان بەشدارن لە گەشەی ئابووری یا بە پێچەوانەوە.

لەلایەکی دیکەوە مرۆڤ لەسەر سروشتێك ئافرێندراوە، کە دەبێ بجوڵێت و کاربکات و گۆڕانکاری لە ژیاندا بهێنێتە ئاراوە نابێت بە پاساوی بۆ خوا سوڵحان و ئایینداری دەستبەرداری کارو پرۆژەکانی ژیان و گەشەی ژیانی بێت، ئەمەو بە ڕامان لە دەقەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مرۆڤ نابێ لە ژیاندا پاشکۆ بێت و مشەخۆر بێت بەسەر ئابووری و ژیانی کەسانی دیکەوە و ببێتە بار بەسەر کۆمەڵگاوە.

٢- کشتوکاڵ:

لەڕاستیدا ناتوانین هەموو بوارو لایەنە جیاوازەکانی کشتوکاڵ بخەینەڕوو، چونکە بابەتەکە زۆر فراوانە و فرە ئاڵۆزە، هەربۆیە لێرە دەتوانین تەنها چەند گۆشەیەکی ئەو بوارە ڕوون بکەینەوە، کە گۆشە هەرە دیارو گرنگەکانی کشتوکاڵن، بۆ زانیاری زیاتر و وردتر لەو بوارە بڕوانە (حمادو، ٢٠٠٧م، ج٣، ص١٨٥- ٢٤٨).

کشتوکاڵ ئەو کردارەی بەرهەمهێنان دەگرێتەوە، کە کشتیاران پێی هەڵدەستن لەسەر زەوی بۆ هەستان بە بەرهەمهێنان و باشترکردنی گەشەی ڕووەك و ئاژەڵ، بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەمی ڕووەکی و ئاژەڵی، ؛ە ئەو زیادکردنە داواکراوە لە مرۆڤ (المشهدانی، ٢٠١٢م، ص٣٥٣).

لەو فەرموودانەی کە دەیانخەینە ڕوو گرنگی و پێگەی کشتوکاڵ دەردەکەوێ، کە لایەنێکی گرنگی بواری ئابووری لە ژیانی مرۆڤدا پێکهێناوە و کشتوکاڵکردن کردەیەکی ئاوێتەبووە لەگەڵ ژیانی مرۆڤ هەر لە بەراییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی تاکو ئەمرۆش، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە زۆربەی کاروبارەکانی خەڵك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لەسەر کشتوکاڵکردن وەستاوە، چونکە پیشەیەکی زۆر گرنگ و پێویستە بۆ دابینکردنی خۆراك بۆ مرۆڤ لەسەررووی زەوی، ئەمەو کشتوکاڵ بە زۆربەی کەرەستە خاوەکانییەوە بەشداری لە بواری پیشەسازی دەکات، نەك هەر پیشەسازی بەڵکو بازرگانیش پشتی پێ دەبەستێ (الاعمر، ٢٠١٥م، ص١٠٣٠)

أ- گرنگی و بایەخی کشتوکاڵ لەهەردوو کتێبی (صحیح البخاری ) و (صحیح مسلم)دا:

هــەردووک کتێبەکــە بــە چەنــد ناونیشــان و چەنــد فەرموودەیــەك گرنگیــان بــە بــواری کشــتوکاڵ داوەو چەنــد لایەنێکــی گرنگیــان خســتۆتەڕو، ئەوەتــا بوخاریــی لــە کتێبەکەیــدا ناونیشــانێکی تایبەتــی دانــاوە بەنــاوی «بــاب فضـل الـزرع والغـرس إذا اكل منـه» واتـە: (پێگەبـەرزی و چاکـی کشـتوکاڵکردن و نەمـام ڕوانـدن کـە لـێ ی بخـورێ)، لای موسـلیمیش بەهەمـان ناونیشـان هاتـووە، بـەڵام بوخاریـی بەشـێکی فراوانـی بەنـاوی (ابـواب الحـرث والمزرعة)بـۆ تەرخـان کـردووە، کـە چەندیـن بابەتـی جـۆراو جـۆری لـەو بـوارە لەخۆگرتـووە (البخـاری، ٢٠١٦م، ج٢، ١١٠٨، مسـلم، ١٩٩١م، ج٣، ص١١٨٨) .

ب- ڕەنێوهێنانی زەوییە کشتوکاڵیەکان:

یەکێـك لـەو دەقانـەی فەرمـوودە کـە هاندانێکـی گـەورەی تێـدا سـەبارەت بـە گرنگیدانـی مسـوڵمان بـە کشـتوکاڵ فەرمـوودەی :»مـا مـن مسـلم يغـرس غرسـا أو يـزرع زرعـا فيـأكل منـه طـيرا أو نسـان أو بهيمـة الا كان لـه بـه صدقـه»( ) واتـە: (هەرمسـوڵمانێك نەمامێـك بروێنـێ یـان تۆوێـك بچێنـێ، کـە باڵندەیـەك یـان مرۆڤێـك یـان ئاژەڵێـك لێـی بخـوا، بـەو ڕوانـدن و چاندنـە چاکەیەکـی دەسـتکەوتووە (البخـاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١١٠٨؛ مسـلم، ١٩٩١م، ج٣، ص١١٨٨)

لــە فەرمودەیەکــی دیکــەدا ئامــاژە بەوەکــراوە، کــە نابــێ زەوی بــێ بەرهەمهێنــان بمێنێتــەوەو بــێ ســوودبێ، بۆیـە هەرکەسـێك زەوییەکـی هەیـە بـا یـان بۆخـۆی بەرهەمـی بهێنێـت، یـان بیـدات بـە برایەکـی بەرهەمـی بهێنێـت، ئەگەرنـا بـا دەسـت بەزەوییەکەیـەوە بگـرێ و بـێ بەرهـەم نەمێنێتـەوە (البخـاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١١٨؛ مسـلم، ١٩٩١م، ج٣، ص١١٧٦)

جگـە لەمـە کاتێـك پێغەمبـەر (د.خ) لەگـەڵ هاوەڵانیـدا کۆچـی کـرد بـۆ (يـثرب)، کـە دوایـی نـاوی گـۆڕا بـۆ (مدينـة)، خەڵکـی شـاری (مدينـة) داوایـان لـە پێغەمبـەر(د.خ) کـرد دارخورمـاکان لـە نێـوان کۆچپـەران (المهاجـرون) و پشـتیوانان (الانصـار)دا دابـەش بـکات، بـەڵام ئـەو ڕازی نەبـوو، دوایـی بـە جۆرێـك ڕێککەوتـن کـە دارخورمـاکان هـەر لەدەسـتی خەڵکـی مەدینــەدا بــن و کۆچبــەران (المهاجرون)یــش کاری پەروەردەکــردن و ئاودێــری لــە باخەکانــدا ئەنجــام بــدەن، دوایــش پشــکیان هەبــێ لــە بەرهەمــی خورمــاکان، بەمــەش ڕایهێنــان لەســەرئەوەی کــەس بــە تەمــای کەســی دیکــە نەژییـت و هەموویـان دەسـتی کاربـن و زەوییـەکان بەیەکـەوە ڕەنێوبهێنـن و لـە قازانـج و بەروبوومیشـدا هاوبـەش بـن (البخــاری، ٢٠١٦م، ج٢،ص ١١١٠-١١١١).

بــۆ ئاوەدانکردنــەوەی زەوییەکانیــش بــە بەروبوومــی کشــتوکاڵی خەڵکــی هانــدا لەســەر ئــەوەی هەرکەســێ زەوییەکـی مـردوو و بـێ بەرهـەم زینـدوو بکاتـەوەو بیبوژێنێتـەوە بـە کشـتوکاڵ، بەمەرجـێ ئـەو زەوییـە خاوەندارێتـی کەسـێکی دیکـەی بەسـەرەوە نەبـێ، ئـەوە ئـەو کەسـەی زینـدوی کردۆتـەوە لەهەمـوو کـەس شـایەنترە بـەو زەوییـەو دەبـێ بەموڵکـی ئـەو (البخـاری، ٢٠١٦، ج٢،ص ١١١٦)

لێـرەدا بەپێـی دەقـی فەرمـوودەکان بۆمـان دەرکـەوت، کـە سـەبارەت بـە کشـتوکاڵ و زەوی و بەرهەمەکانـی ئـەو خاڵانـەی خـوارەوە لەبەرچـاو گیـراوە:

١- موسـوڵمانان هانـدراون بـۆ ڕەنێوهێنانـی زەوییـەکان هـەم بـە بەروبوومـی دانەوێڵـە و هەمیـش بـە بەربوومـی بـاخ و باخـات.

٢- لەبــەر گرنگــی و بایەخــی زەوی نابــێ زەوی هەبێــت بــە بەروبــووم ڕەنێــو نەهێنرێــت، تەنانــەت ئەوکەســانەی زەوییـان هەیـەو ڕەنێـوی ناهێنـن، دەبـێ بیدەنـە دەسـت کەسـانی دی بـۆ ڕەنێوهێنانـی.

٣- زەوی گشتی کە خاوەندارێتی کەسی بەسەرەوە نییەو مردووەو بەبەرهەم زیندوو نەکراوەتەوە، دەبێ هەوڵ بدرێ ببوژێنرێتەوە.

٤- نابێ هیچ کەس بەبێ هەوڵ و وزەو توانای خۆی ببێتە خاوەنی زەوی و باخ، چونکە بەهۆی کارێکی لەم شێوە چینێکی تەمبەڵ و مشەخۆر دروست دەبن، بەڵکو هەرکەس ئەوەی دەیەوێ بەدەستی بهێنێت دەبێ کاربکات و تێبکۆشێ و پشکی هەبێ لە گەشەی بەرهەمی ئابووری و پەرەپێدانی ئابوورییدا.

ج- گرنگییدان بە بەرهەمی ئاژەڵی و کاری ئاژەڵداری:

سەبارەت بە ئاژەڵ لەوەڕاندن لەڕووی کشتوکاڵەوە لەهەردوو سەرچاوەی بواری توێژینەوەکە هەندێ لایەنی باسکراوە، دەربارەی بایەخی ئاژەڵداری ئەم فەرمووده هاتووه: «مابعث الله نبیا الا رعی الغنم» واتە: (خوا هیچ پێغەمبەرێکی نەناردووە شوانی مەڕی نەکردبێ، هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) پرسیاریان کردوە تەنانەت تۆش؟ وەڵامی دایەوە: تەنانەت منیش بەچەند (قیراط)ێك شوانی مەڕم بۆ خەڵکی (مکە) کردووە (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١٠٧٨)ئەمەو پێغەمبەر(د.خ) کاروباری لەوەڕاندنی ئاژەڵی ڕێکخستوە، ئەویش بەوەی لەوەڕگاکانی کردووە بە موڵکی گشتی و پاوانکردنی لەوەڕگانی هەڵوەشاندۆتەوە، کە پێشتر هۆزەکان سەپاندبوویان بۆ لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتی خۆیان لە ناوچەکاندا، دیارە بنچینەی پاوانکردن (الحمی) لای عەرەبەکان لەوەوە هاتووە کە کاتێك سەرکردەیەکیان لەسەرۆك هۆزەکان لە شوێنێك دەیخست، ئەوا سەگێکی دەبردە سەر بەرزاییەك و وای لە سەگەکە دەکرد بوەڕێ، جا دەنگی وەڕینی سەگەکە واتە لورەی سەگەکە تاکو کوێ گەیشتبا لە هەرچوارلای بەرزاییەکەوە، ئەوا ئەو سنوورە دەبوو بە سنووری مەڕلەوەڕێنی ئەو سەرکردەیەو کەسی دیکە بۆی نەبوو لەو سنوورە مەڕ لەوەڕێنی بکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو سەکردەیە بۆی هەبوو بچێتە دەرەوەی سنووری دیاریکراوی خۆی (الجابری، ٢٠٢٣م، ص٤٨٧)، بەڵام کاتێك پێغەمبەر (د.خ) دەسەڵاتی پەیداکرد، ئەو پاوانکارییەی هەڵوەشاندەوەو ئاماژەی بەوەدا کە:»لا حمی الا للە ولرسوله» واتە : (هیچ پاوانکارییەك نییە بۆ کەس، بەڵکو هەمووی بۆ خواو پێغەمبەرەکەیەتی) (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص ١١٢٩).

د- ڕێکخستنی ئاودان و ئاودێری:

سەبارەت بە ئاویش کاروباری ئاودانی ئاژەڵەکانی ڕیکخست و ئاوەکانی کردن بە چەند بەشێەکەوە، ئەو ئاوانەی موڵکی گشتی بوون ڕوونیکردەوە کە هەموان وەکو یەك تێیدا هاوپشکن، هەم بۆ خواردنەوەو هەمیش بۆ ئاودانی ئاژەڵەکانیان، لەم جۆرە ئاوانە نموونە وەك ڕووبارە گەورەکان، بەشێکیش لە ئاوەکان خاوەنیان هەبوو وەك ئەو ئاوانەی کە لەو زەویانەدا بوون دەسەڵات دابەشی دەکردن، ئاوەکە وەک خاوەندارێتی دەبوو بەهی خاوەنی زەوییەکە، بەڵام بۆی نەبوو خەڵکی لە لێخواردنەوەی ئاوەکەو ئاودانی ئاژەڵەکانیش لە ئاوەکە بێ بەش بکات، جگە لەمانە ئاویش هەبووە کە خاوەندارێتی ڕەهای بۆ خاوەنەکەی بووەو بۆی هەبووە خەڵکی لە ئاوەکە بێ بەش بکات، هاوپشکبوونی خەڵکیش لەئاودا لەو فەرموودەیەدا هاتووە، کە باس لە کێشەی نێوان (زبیر بن عوام) و کابرایەکی پشتیوان (الانصار)ی کردووە، لەسەر ئەو ئاوەی کە بەزەوی (زبیر)دا ڕەتدەبوو بۆ زەوی کابرای پشتیوان (الانصار) لەبەرئەوەی دەبوو هەردووکیان سوود لە ئاوەکە ببینن پێغەمبەر(د.خ) فرمانی بە (زبیر) کرد، کە کاتێك لە ئاودانی باخە خورماکەی تەواوبوو، ئاوەکە بۆ دراوسێکەی بەربداتەوە و نەیگرێتەوە، تەنانەت ئەو ئاوەشی کرد بە موڵکی گشتی، کەهی خاوەنەکەیەتی، بەڵام ئاوەکە لەبەری دەڕوات و زیادەیە، ئەویش بەوەی فرمانی کرد ئەوەی ئاوی زیادەی هەیەو لەبەری دەڕوات نابێ خەڵکی لێ قەدەغە بکات، ئەگینا تاوانەکەی

بەشێوەیەکە خوا لەڕۆژی دواییدا دەیباتە ریزی ئەو کەسانەی کە خوا زۆر ڕقی لێیانەو تەنانەت ڕووشیان تێناکات و سەیریان ناکات و پاکیشیان ناکاتەوە، جگە لەو موسلیمیش بەناونیشانێکی تایبەت باسی و قەدەغەکردن (حرام)ی فرۆشتنی ئاوێکی زیادەی کردووە، کە لەدەشت و دەرەو خەڵکی پێویستیان پێیەتی بۆخۆیان و ئاودانی ئاژەڵەکانیان (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١١٢٣، ١١٢٥؛ مسلم ، ١٩٩١م، ج٣، ص١١٩٧).

هـ- پاراستنی بەرهەمی ئاژەڵی:

بۆ پاراستنی سامانی ئاژەڵی لە بەزایەدان و لەناوبردنی بەبێ سوود، لە (صحیح مسلم)دا هاتووە کە:» نهی رسول الله (صلی الله علیه وسلم) ان یقتل شیئ من الدواب صبرا» واتە: (پێغەمبەر (د.خ) قەدەغەی کردوە هیچ گیاندارێك بەند بکرێ یان ببەسترێتەوە تاکو دەمرێ) (مسلم، ١٩٩١ن، ج٣،ص ١٠٥٠)، (النووی: ٦٣١ - ٦٧٦ هـ / ١٢٣٣ - ١٢٧٧ م) لە شیکردنەوەی بۆ ئەم فەرموودەیە ئاماژەی بەوە داوە کە مەبەستی فەرموودەکە ئەوەیە قەدەغەکراوە هەرگیاندارێك بەگشتی لە شوێنێك بەند بکرێ یان ببەسترێتەوەو لێی بدرێ تاکو دەمرێ، چونکە ئەوە هەم ئازاردانی گیاندارەکەیەو لەناوچوون و لەدەستچوونیشیەتی (١٩٩٩م، ح٧، ص٣٥) هەروەها ڕەچاوی پاراستنی لایەنی تەندروستی ئاژەڵ کراوە، بۆ دووربوونی لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناویداو، ئەمەش ببێتە هۆکاری لەناوچوونی ئاژەڵەکان، ئەو ڕەچاوکردنە تەندروستیەش لەم فەرموودەدا هاتووە:»لایورد ممرض علی مصح»واتە: (نابێ کەسێك ئاژەڵەکانی نەخۆشن، بیانهێنێ لەگەڵ ئاژەڵەکانی کەسێك ئاویان بدات کە ساغن)، جگە لەمەش بۆ پاراستنی سامانی ئاژەڵی فەرموودەیەکی دیکە هاتووە کە پێغەمبەر (د.خ) میوانی کەسێکە، ئەو کەسەش دەیەوێ ئاژەڵێکیان بۆ سەربڕێ، پێغەمبەر (د.خ) ئاگاداری کردەوە بەوەی:» ایاك والحلوب» واتە: (ئاگاداربە ئاژەڵی شیردەر سەرمەبڕە)(البخاری ، ٢٠١٦م، ج٤، ص٢٥٩٧).

لێرەوە سەبارەت بە ئاوەکان و پاراستنی سامان ئاژەڵی دەتوانین دەستەبەری چەند خاڵێك بکەین لەوا

١- ئاوەکان بەشێوەیەکی گشتی موڵکی گشتین و نابێ قۆرخ بکرێن و دەستیان بەسەردا بگیرێ.

٢- نابی هەوڵی لەناوبردنی سامانی ئاژەڵی بدرێ، چونکە سەروەتێکی نیشتمانیەو کۆڵەکەیەکی هەرە بەهێزی ئابووری وڵاتە، هەر وڵاتێك سروشتی وڵاتەکەی گونجاو بێ بۆ پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵی، دەبێ وڵاتەکە گرنگی بەو سەروەتە بدات، کە بەداخەوە ئێمە ئەمڕۆ لەو وڵاتەی خۆمان کاتێك دەبینین سروشتێکی زۆر گونجاو و لەبار بۆ بواری ئاژەڵداری هەیە، جگە لە چەند هەولێکی تاکە کەسی کەم بۆ پەرەپێدانی ئاژەڵداری، هەوڵێکی جدی وا لە ئارادانییە بۆ لاکردنەوە لەو سامانە ئابوورییە کاریگەرەو زۆرێك لەوانەی خەریکی ئاژەڵداریش بوون وازیان لێ هێناو خۆیان خزاندە ناو شارەکان.

٣- نەك نابێ سامانی ئاژەڵی بنەبڕ بکرێ، بەڵکو دەبێ ئەوەی لەبەردەستدایە پەرەی پێبدرێ و ڕێکارە تەندروستیەکان بگیرێنەبەر بۆئەوەی توشی نەخۆشی و کارەساتی لەناوچوونی بەکۆمەڵ نەبن، ئەمەو ڕێگەی زانستی بگیرێتەبەر بۆ بەرزکردنەوەی تواناو گەشەی ئابووری لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی تواناو جۆرێتی لە سامانی ئاژەڵیدا.

٤- جگە لە پاراستنی سامانی ئاژەڵی و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانای ئابووری لەو بوارەدا دەبێ ئەو بەرهەمانەش بپارێزرێن کە لە ئاژەڵەوە بەرهەم دێن بۆ نمونە (خوری، شیر، گۆشت) چونکە هەموو ئەوانە پێداویستییەکانی رۆژانەی خەڵك پڕدەکەنەوە، سەرەڕای ئەمەش دەتوانرێ بەرهەمەکان پەرەپێبدرێن تا دەگاتە ئاستی ئەوەی هەناردەی دەرەوەی وڵاتیش بکرێن.

سێیەم: پێشەسازی و بازرگانی لە (صحیح البخاري) و ( صحیح مسلم)دا

١- پیشەسازی:

أ- گرنگی پیشەسازی:

پیشەسازیش بەیەکێك لە بوارەکانی گەشەی سامان و بەرێوەبردن دادەنرێن، هۆکارێکی کاریگەری پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و هێزە، لەم سۆنگەوە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)ی ئیسلامیشدا لەهەردوو سەرچاوەی بە ئامانجگیراو لەم توێژینەوەیەدا باس لەو بوارەی ئابووری کراوە، لە فەرموودەکان ئەوە خراوەتەڕوو کە پێغەمبەر (د.خ) هانی خەڵکی داوە بۆ کاری پیشەیی، ئەوەتا کاتێك (ابو ذر الغفاری)پرسیاری یەکێك لە باشترین کارەکانی لێکرد ئەنجامی بدات، وەڵامی دایەوە:» باوەڕبوون بە خواو تێکۆشان و خەبات لە پێناویدا، (أبوذر) گوتی: چ کۆیلەیەك باشترە ئازادی بکەم؟ وەڵامی دایەوە: باشترینیان بەلای کەسەکانیانەوە و بەبەهاترینیان، وتی: ئەگەر ئەمەیانم نەکرد، وەڵامی دایەوە: یارمەتی پیشەگەرێك بدە یان کارێکی پیشەیی بکە بۆ کەسێك کە لەکارەکەیدا لێهاتوو نییە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێ لە کارەکەیدا (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١١٩٤؛ مسلم، ١٩٩١م، ج١، ص١٨٩) ئەمەو خواردنی بەرهەمێك کە هی پیشەیەك بووبێت و مرۆڤ بە دەستی خۆی ئەنجامی دابێت بەباشترین بەرهەمی زانیوە، بەکارو پیشەی پێغەمبەر (داود)یشیدا هەڵگوتوەو ستایشی کارەکەی کردووە، چونکە بەرهەمی پیشەی دەستی خۆی خواردووە (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١٠٠٨).

ب- جۆری پیشەگەرییەکان:

لە باسی ئاسنگەری بوخاریی ناونیشانێکی تایبەتی بە ئاسنگەری داناوەو تێیدا هاتووە کە پیاوێك باسی لەوەکردووە پێش هاتنی ئیسلام ئەو ئاسنگەربووە، شایانی باشە موسلیمیش ئاماژەی بە پیشەی ئاسنگەری ئەو پیاوە داوە (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١٠١٥؛ مسلم، ١٩٩١م، ج٤،ص ٢٠١٥٣).بەپێی دەقی قورئان کاری دەستی و پیشەیی پێغەمبەر (داود)(س.خ) کە پێغەمبەر(د.خ) ستاییشی کرد، لە کاری پیشەی ئاسنگەری بووە، چونکە کارەکەی دروستکردنی زرێ بووە لە ئاسن (العینی، ٢٠٠١م، ج١١، ص٢٦٧).

جگە لەو پیشەی ئاسنگەرییە لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر(د.خ) ئاماژەی بە جۆرێکی دیکە لە پیشەگەری داوە ئەویش پیشەی پێستەخۆشکردن بووە، ئەویش لەکاتێکدا مەڕێکی بینیوە مرداربۆتەوە، کە هی ماڵی زەکات بوو درابوو بەیەکێك لە خزمەتکارەکانی (میمونة)ی هاوسەری پێغەمبەر(د.خ)، پێی گوت:» ئایا نەدەکرا سودتان لە پێستەکەی بینبا؟ گوتیان: ئاخر ئەوە مردارە، ئەویش وەڵامی دایەوە: انما حرم اکلها» واتە: (تەنها خواردنی گۆشتی قەدەغەکراوە نەك خۆشکردنی پێستەکەی) (البخاری، ٢٠١٦م، ج١، ص ٧٩١؛ مسلم، ١٩٩١، ج١، ص ٢٧٦).

پیشەیەکی دیکەی گرنگ کە لە فەرموودەدا ئاماژەی پێکراوە، پیشەی ڕستن و چنینە، کە لە فەرموودەیەکدا باس لەوە کراوە (عائیشە) (ر.خ) هاوسەری پێغەمبەر(د.خ) پەتی گەردنبەندی ملی بۆ ئاژەڵی قوربانی پێغەمبەر(د.خ) چنیوە (البخاری، ٢٠١٦م، ج١، ص٨٧٢؛ مسلم، ١٩٩١م، ج٢، ص٩٥٧) هەر لەم بارەوە ژنێکی دیکەش هاتەلای پێغەمبەر(د.خ) پۆشاکێکی بۆهێنابوو، کە بەدەستی خۆی بۆی چنیبوو، ئەویش چونکە زۆر پێویستی پێ بوو لێی وەرگرت( البخاری، ٢٠١٦م، ج٣، ص٢٦١٣).

دوو پیشەی دیکەی دیار ئاماژەی پێدراوە، کە یەکێکیان پیشەی بەرگدروو ئەوەی تریش پیشەی دارتاشییە، سەبارەت بە پیشەی بەرگدروویی ناونیشانێکی تایبەتی لە کتێبەکەیدا هەیە بەناوی :» باب الخیاط» کە تێیدا

ئامـاژەی بـە فەرموودەیـەك داوە لـە فەرموودەکـەدا پیاوێکـی بەرگـدروو بانگهێشـتی پێغەمبـەر (د.خ)ی کـردووە بـۆ نانخـواردن، هەمـان فەرمـوودە لـە موسلیمیشـدا ئامـاژەی پێـدراوە (البخـاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١٠١٦؛ مسـلم ، ١٩٩١م، ج٣، ص١٦١٥) ئەمـەو پیشـەیەکی دیکـە کـە دارتاشـیە بوخاریـی بـە ناونیشـانێك ئامـاژەی پێـداوە بەنـاوی: «بـاب النجـارة» کـە تێیـدا بـە فەرموودەیـەك باسـی لـە پیشـەی دارتاشـی کـردووە، ئەویـش بـەوەی ژنێـك پرسـیاری لـە پێغەمبـەر (د.خ) کـردووە ئایـا کاتـی وتـاردان شـتێکت بـۆ دروسـت بکەیـن لەسـەری دابنیشـی، چونکـە ئـەو بەندەیـەم دارتاشـە، ئەویـش وەڵامـی دایـەوە : ئەگـەر ئارەزووتـە دروسـتی بکـە، ئەویـش دوانگـە (المنـبر)ی بـۆ دروسـتکرد (البخـاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١٠١٧).

بەسەرنجدان لە دەقی ئەو فەرموودانە دەتوانین بڵێین:

١- پیشـەو پیشـەگەری بەپێـی دەقـی فەرمـوودەکان لـەدوای سـێ کاری زۆر گـەورە هاتـووە، کـە ئـەو سـێ کارە بەپێـی پرەنسـیپەکانی ئایینەکـە کاری زۆر گـەورەن ئەوانیـش (باوەڕبـوون بەخـوا، تێکۆشـان لەپێنـاوی ئـەو خوایـە، ڕزگارکردنـی مـرۆڤ لـە پەتـی کۆیلایەتـی)، دوای ئەمانـە پیشـەگەری پلـەی چوارەمـی وەرگرتـووە، ئەمـەش بەڵگـەی بایـەخ پێدانیەتـی و دیاریکردنـی پێگـەی گـەورەو کاریگەرییەتـی بـۆ مـرۆڤ.

٢- بەپێـی ئاڕاسـتەی فەرمـوودەکان بـۆ ئـەو بـوارە، پیشـەگەری یەکێکـە لـە باشـترین کارەکان، کـە مـرۆڤ خـۆی پێوەسـەرقاڵ بـکات، نـەك تەنهـا ئـەوە بەڵکـو ئـەو خـۆراك و بژێویـەی ژیانیـش لەڕێگـەی پیشـەکەوە هاتـووە بـە باشـترین بژێـوی بـۆ ژیان دانـراوە.

٣- دیـارە ئـەوەی لـە دەقـی فەرموودەکانـدا هاتـووە ناتوانیـن لەچوارچێـوەی باسـی پیشەسـازیدا جێـی بکەینـەوە، چونکـە لـەو قۆناغـەدا مـرۆڤ تەنهـا بـە پیشـەی دەسـتی و خۆبژێـوی و پیشـەگەری بچووکـەوە سـەرقاڵ بـووە، نـەك ئـەو گۆڕانکاریـە فرەلایەنانـەی کـە لـە بـواری پیشەسـازی هاتـە ئـاراوە بەتایبەتـی دوای شۆڕشـی پیشەسـازی( ).

٤- بـاس لـە چەنـد پیشـەیەکی جـۆراو جۆرکـراوە، بەپێـی جـۆری پیشـەکان ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە ئـەو پیشـانە کـە (ئاسـنگەری، پێستەخۆشـکردن، ڕسـتن و چنیـن، بەرگـدروو، دارتاشـی) بـوون، خواسـتی کۆمەڵـگای ئـەو کاتیـان هێناوەتـەدی و پێویسـتیەکانی خەڵکیـان پڕکردۆتـەوە.

٢- بازرگانی:

گومانـی تێـدا نییـە یەکێـك لـە بـوارە هـەرە گرنگەکانـی ئابـووری هەروڵاتێـك بـواری بازرگانیکردنـە، کـە هۆکارێکـە بـۆ گەشـەی ئابـووری و ژیـان و شارسـتانی هەروڵاتێـك، چونکـە خواسـتێکی گرنـگ و سـەرەکی خەڵکـەو وەڵامـدەرەوەی پێویسـتیەکانی ژیانـی مرۆڤیشـە، لەڕاسـتیدا ئەگـەر هاتبـاو کەرەسـتەو کاڵای بازرگانـی بەیەکسـانی و وەکـو یـەك بەسـەر ناوچەکانـی گـۆی زەوییـدا دابـەش بووبـان، ئـەوا هیـچ بازرگانیـەك ڕووی نـەدەدا، چونکـە هیـچ ناوچەیـەك پێویسـتی بـە ناوچـەی دیکـە نەدەبـوو بـۆ کەرەسـتەو کاڵاکان تاکـو بازرگانـی لەگەڵـدا بـکات، بـەڵام جیـاوازی دابەشـبوونیان بەسـەر ناوچەکانـی گـۆی زەوییـدا ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی هێناوەتـە کایـەوە (المشـهدانی، ٢٠١٢م، ص٣٦٨).

أ- گرنگی بازرگانی:

بابەتـی بازرگانـی لـە کتێبەکانـی (صحیـح البخـاری) و (صحیـح مسـلم)دا بەشـێوەیەکی زۆر بەربـڵاو و بابەتـی جـۆراو جـۆرو بەچـڕو پـڕی باسـکراوە، کـە لەڕاسـتیدا ناتوانـرێ هەمـوو ڕەهەنـدو لایەنەکانـی بـەوردی بـاس بکـرێ، بۆیـە

هەندێ لایەنی گرنگ و بواری سەرەکی ئەو باسە دەخەینەڕوو لە سۆنگەی ئەوەی خراوەتەڕوو لە فەرموودەکاندا، ئەوهی پێویستە هەر لەسەرەتادا ئاماژەی پێ بدرێ، ئەوەیە کە لەهەردوو سەرچاوەکەدا بەشێکی گرنگ و تایبەت لەو بارەوە هەیە بەناوی:» کتاب البیوع» واتە (بەشی کرین و فرۆشتنەکان)، یان دەتوانین بڵێین (مامەڵە بازرگانییەکان)، کە ئەو بەشە بابەتگەلێکی یەکجار زۆر فرە ڕەهەندی لە بواری کرین و فرۆشتن و مامەڵەی بازرگانی لەخۆگرتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢. ص٩٩٧؛ مسلم ، ١٩٩١م، ج٣، ص١١٥١).

لەبەر گرنگی بایەخی بازرگانی لە (صحیح البخاری)دا، ناونیشانێکی دیار بۆ بازرگانیکردن دانراوە بەناوی:»باب الخروج للتجارة»، کەواتای دەرچوون بۆ بازرگانیکردن دەگەیەنێ، لەگەڵ ناونیشانی بابەتەکەشی ئەو ئایەتەی قورئانی داناوە کە تێیدا هاتووە:[ فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّـهِ...] الجمعە/١٠ مەبەست لە ئایەتەکە ئەوەیە هەرکە نوێژ ئەنجامدراو تەواوبوو بە زەویدا بڵاوبنەوە بۆ بەرژەوەندی دنیاتان و هیچ گیرمەن، لەرێگەی مامەڵەو کارتانەوە بەدوای قازانجدا بگەرێن ( مەلای گەورە، ٢٠٢٠ز، ل١١٧)، تەنانەت چەند بازارێك کە لە (مكة) هەبوون، پێش هاتنی ئیسلام خەڵك بە باشی نەدەزانی لە وەرزەکانی حەجدا بچنە بازاڕەکان و بازرگانی بکەن، بەڵام بە ئایەتێکی قورئان دڵنیاکرانەوە، کە هیچ گوناهیان ناگات و دەتوانن لە وەرزی حەجیشدا بازرگانی بکەن، کە ئەمە دەقی ئایەتەکەیە: [لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُواْ فَضْلاً مِّن رَّبِّكُمْ... ] البقرة/١٩٨ کە مەبەست لێی ئەوەیە، کە هاتن بۆ حەج هەر بەمەبەستی خواوە بێن، ئەوجا لەپاڵ ئەوەشدا ئەگەر کرین و فرۆشتنیش بکەن بۆ ژیان و گوزەرانتان هیچ قەیدی نییە(کاکەمەحمود، ٢٠١٦ز، ص٣١-٣٢).

لەنێو هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ)دا تیایاندا هەبووە زۆر گرنگی بە بازرگانی داوە، یەکێك لەوانە (عبدالرحمن بن عوف) کاتێ کۆچی کرد بۆ (یثرب)، پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ (سعد بن الربیع) کردی بە برا (سعد) ئامادەبوو سامانەکەی لەگەڵیدا بکات بە نیوە، بەڵام (عبدالرحمن) ڕازی نەبوو وەڵامی دایەوە، کە ئەو پێویستی پێی نییە، پرسیاری کرد، کە ئایا هیچ بازارێکی لێیە بازرگانی تێدا بکرێ، وەڵامی درایەوە لە بازاڕی (قینقاع) هەیە، ئەویش ڕووی کردە بازاڕەکە بۆ بازرگانیکردن (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص٩٩٨)، سەبارەت بە هاوەڵەکانی دیکەشی، بەتایبەتی دەربارەی ئەوانەی لە (مكة)هوە کۆچیان کرد بۆ (یثرب) و سەرقاڵبوونیان بە بازرگانیکردن پرسیارکراوە لە (ابو هریرە) کە بۆچی کۆچبەران (المهاجرون) و پشتیوانان (الانصار)هێندەی تۆ فەرموودەیان لە پێغەمبەر(د.خ) نەگێڕاوەتەوە، ئەویش دەربارەی کۆچبەران (المهاجرون)ئاماژەی بەوەدا، کە هۆکاری ئەوەی کۆچبەران هێندەی من فەرموودەیان نەگێراوەتەوە ئەوەیە کە کۆچبەران:» یشعلهم الصفق بالاسواق» واتە( ئەوان سەرقاڵی کرین و فرۆشتن بوون لە بازاڕ) (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص٩٩٧)، هۆکاری ناونانی مامەڵەو کڕین و فرۆشتنیش بە (الصفق) ئەوەبووە کە نەریتیان وابوو هەرکاتێك دووکەسیان بازرگانیان ئەنجام ئەدا دەستەکانیان بە بەدەستی یەکتردا دەکێشا، کە ئاماژەی ئەوەبوو هەرکەسەو ماڵی خۆی لەدەستیدا جێگیربوو (العسقلانی، ٢٠٠م، ج٤، ص٣٦٧).

ب- بازرگانی ناوخۆو دەرەکی و دەریایی:

- بازرگانی ناوخۆ:

وەك ناوەندی بازرگانی لە ناوخۆدا ناوی چەند بازاڕێك هاتووە، کە ناوەندی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەی بازرگانی بوون، ئەمانەی خوارەوە ناوی هەندێکیانە:

١- بازاڕی قینقاع.

٢- بازاڕی عكاظ.

٣- بازاڕی مجنة.

٤- بازاڕی ذو الحجاز (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص٩٩٨- ٩٩٩).

- بازرگانی دەرەکی و دەریایی:

جگـە لـەو بـازاڕە ناوخۆیـی و بـازاڕە ناوخۆییانـە، بازرگانـی دەرەکیـش باسـکراوە، وەك یەكێـك لـە هاوەڵانـی پێغەمبـەر(د.خ) باسـی لـەوە کـردووە، کـە لەگـەڵ (نبیـط)( )هکانـی شـام مامەڵـەی (سـەلەم)یان کـردووە لەبەرهەمەکانـی گەنـم و جـۆرو مێـوژدا (البخـاری، ٢٠١٦، ج٢، ص١٠٧٠) ئـەوەی شـایەنی باسـە جگـە لـە بازرگانـی ناوخـۆو بازرگانـی دەرەکـی، بازرگانـی دەریایـش ئامـاژەی پێـدراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بوخاریـی ناونیشـانی تایبەتـی نوسـیوە بەنـاوی:» التجـارە فـی البحـر» بازرگانیکـردن لەنـاو دەریـادا، ئایەتێکـی قورئانیشـی بـە بەڵگـە بـۆ ناونیشـانەکەی هێناوەتـەوە کـە لـە ئایەتەکـەدا هاتـووە : [ ...وَتَـرَى الْفُلْـكَ مَوَاخِـرَ فِيـهِ وَلِتَبْتَغُـواْ مِـن فَضْلِـهِ...] النحـل/١٤ واتـە (هەروەهـا چەنـد کەشـتی ئەبینـی لـە دەریـادا هاتوچـۆ ئەکـەن بـۆ بازرگانـی و بۆئـەوەی کـە ئێـوە بـەدوای نیعمەتـی خـوادا بگەڕێـن) (مـدرس، ٢٠١٠ز، ل٢٦٨). بوخاریـی ئامـاژەی بـەوە داوە کـە (الفلـك) بـە واتـای کەشـتی هاتـووە، مەبەسـتی بوخارییـش لەوەهـا ناونیشـانێك ڕەوابوونـی بازرگانیـە بەسـەر پشـتی دەریـاوە (البخـاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١٠٠٤- ١٠٠٥؛ العینـی، ٢٠٠١م، ج١١، ص٢٥٣).

لێرەدا بەوردبوونەوەمان لەکۆی بابەتی بازرگانی لە فەرمودەکاندا دەتوانین بڵێن:

١- لـە پـاڵ گرنگییـدان بـە پەرسـتش و جێبەجێکردنـی سرووتـە ئاینییـەکان بەپێـی فەرمـوودەکان گرنگیـش دراوە بـە دەسـتکەوتە دنیایـەکان و هەوڵـدان بـۆ گـەڕان و بازرگانیکـردن و بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی ئابـووری و بەدەسـتهێنانی قازانـج.

٢- بەهـۆکاری ئـەوەی هەڵکەوتـەی (مکـة) و شـوێنگە جوگرافیەکـەی بەشـێوەیەك بـووە گونجـاو نەبـووە بـۆ بـواری کشـتوکاڵ و ئاژەڵداریـش کـەم بـووە، بـەڵام بەهـۆی بوونـی (کعبـة) و پێگـەی ئاینـی (کعبـة) و سـەردانی زیارەتکارانـی ئایینـی بـۆی، جگـە لەمـەش کاریگـەری هێڵـی بازرگانـی ئاوریشـم (الحریـر) لەسـەری زیاتـر بـە بازرگانـی بەناوبانـگ بـووە، هەرئەمـەش هـۆکاری ئەوەبـووە کـە کۆچبـەران (المهاجـرون) لـە شـاری (مدینـة)ش بـە بازرگانیـەوە سـەرقاڵ بـوون، بـۆ زانیـاری زیاتـر لـەو بـارەوە بڕوانـە (المبارکفـوری، ٢٠٠٠م، ص٣٦؛ الـملاح، ٢٠١٣م، ص١٢).

٣- یەکێـك لـە هـۆکارە دیارەکانـی سـەرکەوتنی کـردەی بازرگانـی بوونـی بازاڕگەلێکـە، کـە لـەڕووی ئابوورییـەوە کاڵاکانـی تێـدا سـاغ بکرێتـەوە، بـەڵام بازاڕەکانـی ئـەو سـەردەم گومانـی تێدانیـە مامەڵـەی بازرگانـی تێیانـدا لـە ئاسـتی ژیـان و گـوزەران و پێداویسـتی خەڵکـی ئـەو سـەردەم بـووە بـۆ زیندەگـی و ژیـار.

٣- هەروەهـا بـۆ پەرەپێدانـی ئابـووری و بوژانـەوەی لەڕێگـەی بازرگانـی جۆراوجـۆر و لەهەمـوو ڕووەکانـی وشـکانی و دەریایـی و ناوخـۆو دەرەوە دەبێـت، ئەمـڕۆ بازرگانـی ئاسمانیشـی هاتۆتـە پـاڵ، کـە سـەرجەم جـۆرو شـێوازەکانی هاوپشـك دەبـن لەبەرەوپێشـبردنی بـواری ئابـووری لـەم سـۆنگەوەش ژیـان زیندەگـی و گەشـەی ژیـاری و شارسـتانی هەنـگاوی گـەورەی نـاوەو چۆتـە ئاسـتێکی بـاڵاوە.

ئەنجام و ڕاسپاردە

١- ئاوڕدانـەوە بـە گرنگییـدان بـە توێژینـەوەی زانسـتی لـە بـواری چەمکـی ئابووریـی و دەرامەتەکانـی، بـە تایبەتـی وەک ڕەگەزێکـی شارسـتانی کاریگـەر وبەشـدار لـە گەشـەی شارسـتانی و ژیارییـدا، بـە تایبەتـی بۆ ئەم سـەردەمە پێویسـتیەکی

هەنووکەیی و خواستێکی لە پێشینەیە.

٢- لەم سۆنگەوە ئاوڕ بە مێژووی نەتەوەییمان بدەینەوە، بۆ زانینی ئاستی بەشداری ڕەگەزی ئابووری لە ڕەورەوەی مێژوویی و ژیاری نەتەوەی کورد.

٣- لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی بایەخ بدرێ بە سەرچاوەکانی فەرموودە لە بوارە ژیاری و شارستانییەکان و کورتهەڵنەهێنانی توێژینەوە لەو سەرچاوانەدا تەنها لە بواری شەرع(الفِقْه)یدا.

٤- ڕۆڵ و پێگەو بایەخی ئاستی هەوڵ و کۆششە زانستیەکانی هەریەک لە ( بوخاریی) و (موسلیم)، کە ڕۆڵی بەرچاوو دیاریان گێڕاوە لە بواری کۆکردنەوەو نوسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) و پۆلێنکردنیان بە پۆلێنکردنێکی زانستییانە، کە بە پێی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەی ئەو کات لە ئاستێکی باڵادا بووە.

٥- گرنگی و بایەخ و ڕۆڵی هەر یەک لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی، کە ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگادا، بە تایبەتی لە بارودۆخێکی وەک ئەمڕۆی جیهان کە گەشەی هەر نەتەوەو گەلێک بەشێکی هەرە زۆری بەستراوەتەوە بە گەشەو پێشکەوتنی ئەو بوارانە.

Economy and economic resources as a civilized genre in the hadiths of the Prophet of Islam (pbuh), Sahih al-Bukhaari, and Sahih Muslim. For example

Researcher Name: Assistant lecturer: Ali Abdulrahman Khadr

PhD student, Koya University, Faculty of EducationEmail: aliabdalrahmankhdir@uor.edu.krd

٠٧٥٠١٧٩٧٤٩٤ :Mobile Number

Assistant Professor: Mahdi Usman Hussain

Assistant Professor, PhD student, Koya University, Faculty of Education, Department of History

:Abstract

The importance and position of the economy are becoming increasingly apparent, and the needs of humanity and the struggle of countries, nations, and major powers in the economic field have made it even more necessary to pay attention to this field. This prompted it to remove this issue through a scientific study, especially from a religious perspective, entitled «Economy and economic resources as a civilized genre in the hadiths of the Prophet of Islam (pbuh), Sahih al-Bukhaari, and Sahih Muslim. For example, the research is divided into two main topics. The first topic deals with the concept of economy and its income and a summary of the lives of Bukhari and Muslims and their works. The second third topic deals with a summary of the lives of Bukhari and Muslims and their works. In the second topic of the research, the economy is introduced as a civilized genre. Then, in the first point, labor and agriculture as two economic incomes are mentioned in Sahih al-Bukhari and Sahih Muslim. Agriculture, land management, water, irrigation, livestock, and animal products protection. In the end, industry as one of the economic resources is presented, and the importance of industry and types of industries are discussed. Domestic,

.foreign, and maritime trade have been studied within the framework of both sources

پەراوێزەکان

١. بُخـارا: نـاوی بـە (بُخـارا، بُخـاراء، بُخـاری) هاتـووە، ( ابـن خرداذبـة، ١٨٨٩م، ص٢٦٥؛ البكـري، ١٩٤٥م، ج١، ص ٢٢٩؛ الحمـوي، ١٩٧٧م، ج١، ص٣٥٣)، ناوچەیەکـی فراوانـە کەوتۆتـە ناوچەکانـی ئـەو دیـو ڕوبـارەوە و تێیـدا شـاری بوخـارا لـە شـارە بەناوبانگەکانـی ئـەو ناوچەیەیـە، یەکـەم جـار لەسـەردەمی (مُعاوِيَـةُ بْـنُ سُـفْيان: ٤١–٦٠ک/٦٦١-٦٧٩ز) لەسـەر دەسـتی( سَـعِيدُ بْـنُ عُثْـمَانَ بْـنِ عَفَّـانَ ) فەتـح کـرا ( اليعقـوبي، ٢٠٠٢م، ص١٢٣؛ الحمـوي، ١٩٧٧م، ج١، ص٣٥٣).

٢. يَمـانٍ الْبُخـاري: والـی ئـەو کاتـەی ( بوخـاری) بـووە و باپیـرە گـەورەی ( عَبْدُاللـه بْـنُ مُحَمَّـد المُسْـنَديّ) یـە، کـە یەکێکـە لا مامۆسـتاکانی بوخـاری لـە (بوخـارا) ( ابـن عسـاكر، ١٩٩٠م، ج٢٢، ص٢٢-٢٣).

٣. فەرمـوودەی لاواز(الضعيـف): هـەر فەرموودەیـەک سـیفەتەکانی فەرمـوودەی ڕاسـت (صحيـح) و فەرمـوودەی چاک(حسـن)ی تێـدا نەبـێ ئـەوە بـە فەرمـوودەی لاواز دادەنـرێ (الشـهرزوري، ص٤١).

٤. إسْحاقُ بْـنُ راهَوَيْـهِ: نـاوی: ( إِسْـحَاق بـن إِبْرَاهِيـم بـن مخلـد بـن رَاهَوَيْـه) لـە دانێشـتوانی شـاری ( نەیسـابوور)ە، لـە سـاڵی (١٦١ک/٧٧٧ز) لـە دایـک بـووە، یەکێـک بـووە لە زانـاو فەرموودەناسـەکان، بوخـاری فەرمـوودەی لێـوە گێڕاوەتەوەو زانستیشـی لێـوە فێربـووە، ئەمـەو هـەر لـە شـاری ( نەیسـابوور) و لـە سـاڵی (٢٣٨ک/ ٨٥٢ز) مـردووە ( أبـو الوليـد، ٢٠١٠م، ص٧٣)

٥. أبـو الْحَسَـنُ عَـلِيُّ بْـنُ خَلَـفُ بْـنُ بَطَّـالٍ القُرطُبـيّ ثُـمَّ البَلَنْسِيّ: بـە ( ابْـنِ اللَّجَّـامِ) نـاسراوەو یەکێکـە لـەو زانایانـەی زۆ گرنگـی داوە بـە فەرمـوودە، یەکێـک بـووە لـە گـەورە زانایانـی مەزهەبـی مالیکـی، لـە سـاڵی ( ٤٤٩ک/١٠٥٧ز) مـردووە ( الذهبـي، ١٩٨٤م، ج١٨، ص٤٧-٤٨)

٦. أبوسُـلَيْمَانَ الْخَطَّـابِيّ: نـاوی (أَبُـو سُـلَيْمَانَ حَمْـد بـن مُحَمَّـدِ بـنِ إِبْرَاهِيْـمَ بـنِ الخَطَّـابِ البُسْـتِيّ)ە، خەڵکـی (بوسـت) ە لـە ناوچـەی (کابـول)، لـە سـاڵی ٣١٩ک/٩٣١ز) لـە دایـک بـووە، یەکێـک بـووە لـە زانـاو ئەدیـب و فەرموودەناسـەکان، چەندیـن کتێبـی هەیـە لەوانـە (غَرِيـبُ الحَدِيـث) لـە سـاڵی ( ٣٨٨ ک/ ٩٩٨ ز) مـردووە.( ابـن خلـكان، ١٩٧٧م، ج٢، ص٢١٤؛ الـزركلي، ٢٠٠٢م، ج٢، ص٢٧٣).

٧. المُهَلَّـبُ بـنُ أَحْمَـدَ بـنِ أَبِي صُفْـرَةَ: یەکێکـە لا زانـا ڕەوانبێـژەکان و بیرتیـژەکان، ئەندەلوسییەو قـازی شـاری (مەرییـە) بـووە، لـە سـاڵی (٤٣٥ک/١٠٤٣ز) مـردووە ( الذهبـي، ١٩٨٣م، ج١٧، ص٥٧٩؛ ابـن العـماد، ١٠٨٩م، ج٥، ص١٦٧).

٨. الصَحـاح السِّـتَّة: بریتیـن لـەو شـەش کتێبـەی فەرمـوودە، کـە لـە مێـژووی موسـوڵماناندا ناوبانگیـان دەرکـردووەو جێ متمانـەی موسـوڵمانان و پشـتیان پـێ بەسـتراوەو کاریـان پـێ کـراوە، ئەوانیـش:( صحيـح البخـاري، صحيح مسـلم، الْجَامِـع لِلتِّرْمِـذِي، السّـنَن لأبِي دَاوُد، السّـنَن للنَّسَـائِيّ، سـنَن ابْـن مَاجَـه)، هەنـدێ پێیـان وایـە کتێبـی (الْمُوَطَّـأ) لـە جێـی (سـنَن ابْـن مَاجَه)یـە، ئەمـەو هەنـدێ لـە زانایـان پێیـان وایـە هەڵەیـە هەمـوو ئـەو شـەش کتێبانـە نـاوی (الصَّحيح)یـان لـێ بـنرێ، چونکـە لـەو ڕوانگـەوە چـوار کتێبەکـەی تـر لـە ئاسـتی هـەردوو کتێبەکـەی بوخـاری و موسـلیمدا نیـن، بـەڵام بۆیـە ئـەو ناوەیـان لێـنراوە چونکـە زۆرینـەی هـەرە زۆری فەرموودەکانیـان ڕاسـت( الصَّحيـح)ن، بـەڵام وا باشـترە پێیـان بگوتـرێ شـەش کتێبەکـەی فەرمـووده (الكتـب السـتة)( الدهلـوي، ٢٠٠٥م، ص١٠١-١٠٣؛ القنوجـي، ص١١).

٩. لەبەرامبـەر ئـەو فەرموودەیـە فەرموودەیـەك هەیـە کـە بەنەرێنـی باسـی ئامێـری کشـتوکاڵی کـردووەو تێـدا هاتـووە :»لا يدخـل هـذا بيـت قـوم الا ادخلـه اللـه الـذل» واتـە: ئـەو ئامێـری کێڵانـە لەهـەر ماڵێکـدا هەبـێ ئـەوە خـوا

ریسوایی دەخاتە ئەو ماڵەوە) (العسقلانی: ٧٧٣-٨٥٢هـ/ ١٣٧١-١٤٤٩م)) بۆ گونجاندنی ئەو دوو فەرموودەیە ئاماژەی بەوەداوە، کە مەبەستی لە ریسوایی یان ئەوەیە بەهۆی کشتوکاڵەوە باجی زۆریان لێ دەسێندرێ یان لێیان داگیر دەکرێ، یان مەبەست لە ریسوایی ئەوەیە بەهۆی کشتوکاڵەوە بەرپرسیارێتی و ئامانجی سەرەکی لەیاد بکەن (٢٠٠٠م، ج٥، ص٨) هەر لەبەر ئەو هۆیەشە بوخاری ناوی ناونیشانی بابەتەکەی ناوە:»باب ما يحذر من عواقب الاشتغال باله الزرع، او مجاوزة الحد الذي أمر به» واتە (ئاگادارکردنەوەی لەسەرقاڵ بوون بە ئامێری کشتوکاڵ، یان زێدەرۆیی کردن لەو سنوورەی بۆی دیاری کراوە (البخاری، ٢٠١٦م، ج٢، ص١١٠٩)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (حمادو، ٢٠٠٧م، ج٣، ص١٩٣).

١٠. شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانکارییەکی بنچینەیی، یان زنجیرەیەك گۆڕانکاری ڕیشەیی بوون لە ڕێگەو شێوازەکانی پیشەسازی هاتنەئاراوە، کە جەماوەری لە پیشەی کشتوکاڵی بە میراتگیراو گواستەوە بۆ چەند شێوازێکی نوێ لە کارو گەشت و زیندەگی، بەشێوەیەك کە دروستکردنە پیشەسازییەکان نزیکەی هەموو بوارەکانی گرتەوە (کارلتون، ١٩٥٠م، ص١٣) ئەم شۆڕشە لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە تاکو ئێستا بەپێی شارەزایانی ئەو بوارە چوار قۆناغی بڕیوەو دابەشیان کردووە بەسەر چوار شۆڕشی پیشەسازییدا، شۆڕشی پیشەسازی یەکەم لەبەریتانیا و ساڵی (١٧٦٠ز) دەستی پێکرد دوای ئەوەی جوڵێنەری هەڵمی داهێنرا، شۆڕشی دووەمی پیشەسازی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٧٠ز) کاتێ وزەی کارەبا بەرهەم هێنرا، شۆڕشی پیشەسازی سێیەم کە مێژووەکەی بەکردەیی ساڵی (١٩٥٩ز) ە، سەرەتای دەرکەوتنی بژمێری ئەلکترۆنی و شۆرشی ژمارەیی و تەکنەلۆژیای زانیاری بوو، شۆڕشی پیشەسازی چوارەم بەشێوەی فەرمی لەسەرەتاکانی هەزارەی نوێ دەستی پێکردووە، واتە سەرەتاکانی (٢٠٠٠م)کە سەردەمی داهێنانی سەرسوڕهێنەرو تەکنەلۆژیای ژمارەیی و زیرەکی دەستکردە (وطفە، ٢٠١٩م، ص٣-٥).

١١. النبیط: دەربارەی (النبیط) العسقلانی ڕای وایە هۆزێکن لە عەرەب تێکەڵ بەخەڵکی جگە لە عەرەب و ڕۆم بوون، بەمەش ڕەچەڵەکیان تێکەڵ بووەو زمانەکەشیان تێکچووە، بەڵام بۆچوونی دیکە هەیە کە پێی وایە عەرەب نین، بەڵکو جگە لە عەرەبن و لەعێراق نیشتەجێ بوون، هیچ پەیوەندییەکیشیان بە دەوڵەتی (انباط) ی ناسراوەوە نییە (العسقلانی، ٢٠٠٠م، ج٤، ص٥٤٤؛ شراب، ١٩٩١م، ص١٤٥).

## لیستی سەرچاوەکان


- القرآن الكريم.

یەکەم: سەرچاوەکان:

- البخاري، محمد بن اسماعيل بن إبراهيم الجعفي(٢٥٦هـ/٨٦٩م)، ٢٠١٦م، جامع المسند الصحيح المختصر( صحيح البخاري)، جمعية البشرى الخيرية، باكستان.
- ابن تغري بردي، جمال الدين أبي المحاسن يوسف (٨٧٤هـ/ ١٤٦٩م)، (١٩٩٢م)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان.
- ابن الجوزي، ابي الفرج عبدالحمن بن علي بن محمد( ٥٩٧هـ/ ١٢٠٠م)، ١٩٩٢م، المنتظم في تأريخ الملوك والأمم، تح: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان.

- الجوهري، اسماعيل بن حماد (٤٠٠هـ/١٠٠٩م)، ٢٠٠٥م، معجم الصحاح، دار المعرفة، بيروت.
- حاجي خليفة، مصطفى بن عبدالله ( ١٠٦٨هـ/ ١٦٥٧م)، كشف الظنون في أسامى الكتب والفنون، دار احياء التراث العربي، بيروت، لبنان.
- الحلبي، محمد بن علي العظمي، ( ٥٥٩هـ/ ١١٦١م)، ١٩٨٤م، تأريخ حلب، تح: ابراهيم زعرور, دمشق.
- الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله(٠٠٠ - ١٠٩٨ هـ / ٠٠٠ - ١٦٨٧ م)، ١٩٧٧م، معجم البلدان، دار صادر، بيروت.
- الخطيب البغدادي، ابي بكر احمد بن علي بن ثابت (٤٦٣هـ/ ١٠٧٠م)، ٢٠٠١م، تاريخ بغداد مدينة السلام، تح: بشار عواد معروف، دار الغرب الاسلامي، بيروت.
- ابن خلدون، ولي الدين عبدالرحمن بن خلدون (ت: ٨٠٨هـ/١٤٠٥م)، ٢٠٠٤م، مقدمة ابن خلدون، تح: عبدالله محمد الدرويش، دار يعرب، دمشق.
- ابن خلكان، ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد بن أبي بكر(٦٨١هـ/١٢٨٢م)، وفيات الأعيان في أنباء أبناء الزمان، تح: احسان عباس، دار صادر، بيروت.
- الدهلوي، عبدالحق (١٠٥٢هـ/ ١٦٤٢م)، ٢٠٠٥م، مقدمة في أصول الحديث، دار ابن كثير للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق - بيروت.
- الدياربكري، حسين بن محمد بن الحسن (٩٦٦هـ/ ١٥٥٩م)، تأريخ الخميس في أحوال أنفس نفيس.
- الذهبي، محمد بن أحمد بن عثمان (٧٤٨هـ/١٣٧٤م)، سير أعلام النبلاء، مؤسسةالرسالة، بيروت.
- الزركلي، خيرالدين، ٢٠٠٢م، الأعلام قاموس تراجم لأشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.
- الزهراني، محمد بن مطر، ١٩٩٦م، تدوين السنة النبوية، نشأته و تطوره من القرن الاول الى القرن التاسع الهجري، دار الهجرة للنشر والتوزيع، الرياض.
- السبكي، تاج الدين ابي نصر عبدالوهاب بن علي بن عبدالكافي (٧٧١هـ/ ١٣٦٩م)، (١٩٤٨م)، طبقات الشافعية الكبرى، تح: عبدالفتاح محمد الحلو و محمد محمود الطناحي، دار احياء الكتب العربية.
- السمعاني، ابي سعيد عبدالكريم بن محمد بن منصور التميمي (٥٦٢هـ/١١٦٦م)، ١٩٧٧م، الانساب، دائرة المعارف العثمانية.
- الشهرزوري (٦٤٣هـ/ ١٢٤٥م)، ١٩٨٤م، صيانة صحيح مسلم من الاخلال والغلط و حمايته من الإسقاط والسقط، تح: موفق بن عبدالله بن عبدالقادر، دار الغرب الاسلامي.
- الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك(٧٦٤هـ/١٣٦٢م)، ٢٠٠٠م، الوافي بالوفيات، تح: أحمد الأرناؤوط، دار إحياء التراث العربي، بيروت، لبنان.
- ابن العربي، ابي بكر(٤٥٣هـ/ ١١٤٨م، ١٩٩٢م، كتاب القبس في شرح موطأ مالك بن أنس، تح: محمد عبدالله ولد كريم، دار الغرب الاسلامي، بيروت - لبنان.
- العسقلاني، احمد بن علي بن حجر( ٨٥٢هـ/ ١٤٤٨م)، ٢٠٠٠م، دار السلام، الرياض.
- ابو الفدا، عمادالدين (٧٣٢هـ/ ١٣١٣م)، المختصر في أخبار البشر.
- الفراهيدي، أبي عبدالرحمن بن خليل بن أحمد (١٧٥هـ/٧٩١م)، كتاب العين، تح:مهدي المخزومي و إبراهيم

السـامرائي، سلسـلة المعاجـم والفهـارس.

- القاسـمي، محمـد جـمال الديـن، (١٣٣٢هـ/ ١٩١٤م)، ١٩٩٢م، حيـاة البخـاري، تـح: محمـد الأرنـاؤوط، دار النفائـس، بـيروت – لبنـان.

- مزيد على عبد الباسط ، منهاج المحدثين في القرن الأول الهجري وحتى عصرنا الحاضر ٢٩١/١/٤٣٦٢٣/https://ar.lib.efatwa.ir

- مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (٢٦١هـ/٨٧٤م)، ١٩٩١م، صحيح مسلم، دار الحديث، بيروت - لبنان.

- المظاهري، تقي الدين الندوي، ١٩٩٢م، الامام البخاري امام الحفاظ والحدثين، دار العلم، دمشق.

- إبن منظور، أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (٧١١هـ/١٣١١م)، لسان العرب، دار صادر، بيروت.

- إبـن منظـور، أبي الفضـل جـمال الديـن محمـد بـن مكـرم (٧١١هـ/١٣١١م)،١٩٩٠م، مختـصر تأريـخ دمشـق لإبـن عسـاكر، تـح: وفـاء تقـي الديـن، دار الفكـر، دمشـق.

- ابن نديم، ابو الفرج محمد بن أبي يعقوب اسحق المعروف بالوراق، تح: رضا – نجدد.

- النـووي، ابي زكريـا محـي الديـن بـن شرف (٦٧٦هـ/١٢٧٧م)، تهذيـب الاسـماء واللغـات، دار الكتـب العلميـة، بـيروت - لبنـان

- ابـو الوليـد، سـليمان بـن خلـف الباجـي ( ٤٧٤هـ/ ١٠٨١م)، ٢٠١٠م، التعديـل والتجريـح لمـن خـرج لـه البخـاري في الجامـع الصحيـح، تـح: عـلي ابراهيـم مصطفـى، دار الكتـب العلميـة، بـيروت – لبنـان.

- اليافعـي، ابي محمـد عبداللـه بـن أسـعد بـن عـلي بـن سـليمان ( ٧٦٨هـ/ ١٣٦٦م)، مـرآة الجنانوعـبرة اليقظـان في معرفـة مـا يعتبرمـن حـوادث الزمـان، دار الكتـب العلميـة، بـيروت – لبنـان.

- ابـن ابي يعـلى، ابـو الحسـين محمـد (...- بعـد ٥١٥ هـ / ٠٠٠ - بعـد ١١٢١ م)، طبقـات الحنابلـة، مطبعـة السـنة المحمديـة، القاهـرة.

دووەم: ژێدەرەكان:

١- بەزمانی عەرەبی:

- الأعمـر، محمـد عـلي أحمـد، ٢٠١٥م، ادارة الأمـوال و تنميتهـا في ضـوء السـنة النبويـة، مجلـة كليـة أصـول الديـن، ع٣٣، اسـيوط.

- بروكلمان، كارل، ١٩٧٤م، تأريخ الادب العربي، تر: عبدالحليم النجار، دار المعارف، مصر.

- حـمادو، نذيـر، ٢٠٠٧م، القيـم الحضاريـة في السـنة النبويـة، ندويـة علميـة دوليـة ثالثـة( الاسـتثمار الزراعـي مـن خـلال السـنة النبويـة، دراسـة حديثيـة تأصيليـة)، كليـة الدراسـات الاسـلامية العربيـة، دبي.

- الرباط، خالد و آخرون، ٢٠٠٩م، الجامع العلوم الامام احمد، دار الفلاح للبحث العلمي وتحقيق التراث.

- ساموبلسون بول آ. وآخرون، ٢٠٠٦م، الاقاصاد، تر: هشام عبدالله، الدار الاهلية للنشر والتوزيع، عمان.

- سزكين، فؤاد، ١٩٩١م، تأريخ التراث العربي، تر: محمود فهمي حجازي،

- شراب محمد محمد حسن، ١٩٩١م، المعالم الأثيرة في السنة والسيرة، دار القلم، دمشق.

- العثـماني، شـبير أحمـد، ٢٠٠٦م، موسـوعة فتـح الملهـم بـشرح صحيـح الامـام مسـلمبن الحجـاج القشـيري، دار احيـاء الـتراث العـربي، بـيروت – لبنـان.

- عون، عون خير الله، ٢٠١٥م، مباديء الاقتصاد، مكتبة بستان المعرفة، مصر.

- فاخور، محمود، الامام مسلم بن الحجاج القسيري النيسابوري حياته و صحيحه.
- القرداغي، علي محي الدين، ٢٠١٣م، المدخل الى الاقتصاد الاسلامي، دار البشائر الاسلامية، بيروت لبنان.
- قلش، عبدالله، ٢٠٢١م، مدخل للاقتصاد، محاضرات في مقياس مدخل للاقتصاد، كلية العلوم الإقتصادية والتجارية و علوم التيسير، جامعة الشلف، الجزائر.
- القنوجي، ابي الطيب السيد صديق حسن خان، الحطة في ذكر الصحاح الستة، تح: علي حسن الحلبي، دار الجيل بيروت.
- طوالبة، محمد عبدالرحمن، ٢٠٠م، الامام مسلم و منهجه في صحيحه، دار عمان، الأردن.
- كافي، ابوبكر، ٢٠٠٠م، منهج الامام البخاري في تصحيح الاحاديث و تعليلها، دار ابن حزم، بيروت – لبنان.
- اللحياني، سعد بن حمدان، ١٤٢٨هـ مباديء الاقتصاد الاسلامي.
- لنتون، رالف، ٢٠١٠م، شجرة الحضارة، تر: احمد فخري، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- لوبون، غوستاف، ١٩٦٩م، حضارة العرب، تر: عادل زعيتر، دار الكتب العربية، بيروت.
- المباركفوري، صفي الرحمن، ٢٠٠٠م، الرحيق المختوم، دار الفكر، بيروت – لبنان.
- المشهداني، ضياء محمد محمود، ٢٠١٢م، التنمية الاقتصادية في السنة النبوية، جامعة موصل، العراق.
- الملاح، هاشم يحيى، ٢٠١٣م، الوسيط في السيرة النبوية والخلافة الراشدة، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان.
- النبهاني، تقي الدين، ٢٠٠٤م، النظام الإقتصادي في الاسلام، دار الأمة للطباعة والنشر، بيروت-لبنان.
- النورساني/ محمد محمدي بن محمد جميل، ٢٠٢٣م، المدخل الى صحيح الامام مسلم بن الحجاج، دار الشؤون الفنية.
- وطفة، علي اسعد، ٢٠١٩م، الثورة الصناعية الرابعة تحديات ام فرض؟، كلية التربية، جامعة الكويت.
- اليعقوبي، محمد ابو الهدى، ٢٠١٩م، المدخل الى صحيح البخاري، دار توقيعات، المملكة المتحدة.

٢-بە زمانی كوردی:

- خاڵ، شێخ موحەممەد، ١٩٧٦ز، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی كامەران، سلێمانی.
- خدر، علی عبدالرحمن، ٢٠١٥ز، میرنشینی مەڕوانی لە گۆشەنیگای خوێندنەوەی شارستانی بۆ مێژوو ( تیۆری ئیبن خەلدون)، نامەی ماستەر، سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی.
- كاكە مەحموود، ئەحمەد، ٢٠١٦ز، تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان، كتێبخانەی مەحوی.
- مدرس، مەلا عبدالكريم، ٢٠١٠ز، خۆلاصەی تەفسیری نامی، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی.
- هەژار، موكریانی، ، ١٣٨٤هـ هەنبانە بۆرینە، سروشت، تهران.

3-بە زمانی ئینگلیزی:

- Durant, Will, The story of Civilization,1954AD, New York.
- Fadi, K.S. Zatari,2021AD, The Construction of a Theory of Civilization Through the Works of al-M�ward�, PH.D. thesis, Alliance of Civilizations Institute, Ibn Haldun University, Istanbul.
- Richard Swedberg, 2010AD, A Note on Civilizations and Economies, European Journal of Social Theory 13(1): 15–30,Cornell University, NY, USA.